# تێکۆشان



لە ١٠ی خەزەڵـــوەر دا لە ئاســـمانی خەبـــات و تێکۆشـــانەوە هەورە بروســـکەی بە بـــارانی خەمـــی خەمخـــۆرانی نیشـــتمان بـــارانی خـــوێنی بارانـــد بەســـەر مەزرای زەرد هەڵـگەڕاوی پێدەشتەکانی بەشمەینەتی دا، لە بـارینی هەر دڵۆپێـک لەو بـارانە ، نەمـامی سـەروی ڕەوانـی بە پێوە ڕاوەسـتاوی کوردایەتی رسکان و گووران کە بە تەزوی سـاردی هـیچ خەزەڵوەرێـک گەڵای باڵایـان خەزەڵ نـــــــابێ و هڵنـــــــــــــاوەرێ.
سڵاو لەو گیانـانەی لەو ڕۆژەدا بـوونە چراوگـی ڕێگـای نەوەسـتان، تـا سـەرکەوتن و ڕزگـاری کـورد و کوردسـتان،

ئـۆرگانی کـومیتــەی ناوەنـدی سازمـانی خـەبـاتی کوردسـتـانـی ئـێـران


**بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.**

ژمارە:٣١٤ ســـی و پێنچەمین ساڵ ، ٣٠ی خەزەڵوەری هەزار و سێســەد و نەوەد و هەشت ی کۆچی خۆری بەرانبــەر بە ٢١ی نوامبری دوو هـەزار و نـۆزدە ی زاییـنی.

## لەم ژمارە دا:



پەیامی ڕێکخراوی ئافرەتان بە بۆنەی ٢٥ نوامبر ل 2


١٠ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگە ل2




بەڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی پێشمەرگە ل 2.
ل 3


کۆدداڕەکانی ئیتلاعات
ل 4


خەباتی هاوبەشی هێزەکوردی و ئێرانیەکان ل 5


بەشێک لەهەواڵ و وتووێژی ڕۆژنامەی زاری کرمانج ل 7


چەند تێبینی و سەرنجێک لەسەر بەیانەی بەڕێز خالید عەزیزی لەگەڵ ڕوودا و تی ڤی
ل 8


## پشتیوانی سازمانی خەبات لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی شارەکانی ئێران و کوردستان

کۆمـــەڵانی خـــەڵکی تێکۆشـــەری شـــارەکانی ئێـــران و کوردســـتانی ئێـــران! هـــەر وەک ئاگـــادارن ڕژێمـــی ئاخوندی بێ گوێدان بە ڕەوشی نالەباری دارایی و قـــەیرانی هـــەژاری خـــەڵکی ئێـــران و کوردســـتان، لـــە بڕیارێکـــدا ڕژێـــم بەرزبونـــەوەی نرخـــی بەنزینی بۆ سێ هێندەی نرخـــی ئاسـایی خـۆی ڕاگەیاند.لەگـەڵ ئـەوەی لە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو دا لەڕێگـەی زیـادکردنی هێزەکـانی نیزامی سـەر بە ڕژێم لەناو شارەکان و کـــۆنترۆڵکردنی ســـەرجەم ڕێگـــەو شوێنەگشـــتیەکان، بـــۆ نەهێشـــتنی نـــارەزایەتی جـــــەماوەری و بەڕێـــــــوەبردنی خۆپیشـاندان، هـەر وەک چاوەڕوان دەکرا لە خـــەڵکی تێکۆشـــەر و قـارەمانی شـارەکـانی ئێـران و کوردستان، بـە گـــر و حەماســـەتێکی زۆرەوە مەیدانـــەکان و ناوەنـــدە گشـــتیەکانی بەشـــێکی زۆر لـــە شـــارەکانی کوردســـتان و ئێرانیان کردە گۆڕەیـانی ڕووبەڕوو‌ـــــــونەوەی دەسەڵات و نارەزایـەتی جـەماوەری. خـەڵکی زیاتر لە ٤٠ شاری ئێران و کوردستان ڕژانە سـەر شـــــــــــەقامەکان و لەبەرانـبەر ئەو ستەم وناعەداڵەتیە بەرچاوەی ڕژێـم وێســـتاونەتەوە. بەداخـەوە ڕادەگەیـەنین کـــــــە هێـــــــزە سـەرکوتکەرەکانی ڕژێمـی ئاخوندی وەک هەمیشە کە دەستیان نەیاراستوە لـە کوشـتاری خـەڵک، تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن و بەپێی هەواڵە سـەرەتاییەکان چەنـدین شەهید و بریندار هەن. ڕێژیمـی ئاخونـدی بـەم بڕیـارە زاڵمانـەی کـە دەرحـەق بـە خـەڵکی ئێـــران و کوردســـتان داویەتی، دەیهەوێ کـەلێنێک لـە ئاسـەواری ئەو سزا جیهانیانە کەم کاتەوە کە لە ئەنجامی سیاســـەتە هەڵـــەکانی سەرانی ڕژێمەوە هاتوونە ئاراوە. بێگومان بـەخراپ بـەکارهێنانی ســـەروەت و ســـامانی گـەلانی ئێـران و خـەرج کردنـــی بـــۆ تیـــرۆر و ئـــاژاوە گێـــری لـــە دەوڵـــەتانی ناوچەکـە و دەســـتێوەردان لـــە وڵاتـانی دیکـە، بوونـە هۆکاری ئەوەی کە ڕێژەی هـــەژاری و قـــەیران و دارمـانی ئـابووری لـەناو خـەڵک دا ڕۆژ بـەڕۆژ لەزیاد بوون دابێ. ســـازمانی خـــەباتی کوردستانی ئێران وێـڕای پشتیوانی هەمەلایەنە و بـێ ووچـانی بـۆ داوا ڕەواکانی خەڵکی ئێـران و کوردستان، داوا دەکـا کـە لـە خۆپیشـاندان و دەربڕینـــی نـــارەزایی بـەردەوام بـن. بێگومـان تاقە ڕێگای ڕزگـاربوون، ڕوخـــانی ئـــەم ڕژێمـــە دیکتـاتۆر و خوێنرێژەیـە و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پێویستە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دابین.

سازمانی خـەباتی کوردسـتانی ئێران، داوا لـە کـۆڕ ونـاوەنـدە جیهانیەکان و دەوڵاتان دەکـا، کـە پشـتیوانی لـە داواکـانی خەڵکی ستەم دیتـووی ئێران و کوردســتان بـکەن و کوشـتاری خۆپیشاندەران لەلایـەن هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕژێمـەوە بـە توندی مەحکوم بکەن.

ســـەرکەوێ خـــەباتی بـــەرەو ئـــازادی و ڕوخـــانی ڕژێمـــی ئاخوندی

سـازمانی خـەباتی کوردسـتانی ئێران کومیتەی ناوەندی

٢٥ی خەزەڵوەر






## پەیـامی کـاک بابەشـێخ حوسـەینی سـکرتێری سـازمانی خەبـات ی کوردسـتان بـۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردسـتان و ئێران.




هاونیشـــــــــتمانیانی تێکۆشـــەری کوردســـتان! جەمـــاوەری خـــۆڕاگری ئێـــــــــــــران! کەس و کاری شـەهیدانی ڕێـــگەی ئـــــازادی! ڕاپەڕینی پڕجۆشی ئێوە جەماوەری وەزاڵەهـاتوو لە چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو لە ئێـران و کوردسـتانی ئێـــران، بەرانـــبەر حکـــومەتی ئیســـتبدادی ئاخونـــــــــــــدە دەســــــــەڵاتدارەکان، جارێکی دیکە نارەوایی و نامەشـروع بـوونی ئەو دەسـەلاتە خۆسـەپێنەی نیشـــــــانداو لە بەرانبەریشـدا بڕیـاری جەماوەری بۆ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتـــی لە سیســـتم وشـێوەی حکـومەت لە ئێراندا خستەوە بەرچاو. درود بـــۆ هـــیممەت و بڕیـاری کـۆڵنەدەرانەو تێکۆشان و فیداکاریتان. سڵاوی گەرم بـۆ خەڵکی شـــــارەجیاجیاکانی کوردســـتان و ئێـــران و درود بۆ ڕۆحی شەهیدانی ڕاپەڕینەکانی ئەم چەند ڕۆژەی شـــــارەکانی کوردســـتان و ئێـــران. جەمـاوەری ستەملێکراو ڕاپەڕیـوی کوردســـتان! لاوانی خۆڕاگرو نیشتمان خۆشەویســـــــــت! ڕاپەڕینـی چەنـد ڕۆژەی ئێـوە قەڵای دەسـەڵاتی دیکتـــاتۆری لەرزۆک کردوە، ئەم ڕاپەڕینە کە بەدوای گـــران کردنـــی نرخـی بەنـزین لە لایەن دەســـەڵاتەوە هـــاتە ئـــاراوە، لە ڕاســـتیدا تەنیـــا بە هـــۆی بەرزکـــردنەوەی نرخـــی بەنـزین نەبـوو، بەڵکـو بەرزکـــردنەوەی نرخـــی بەنزین وای کرد کە ڕقی پەنگ خواردوی چەنـدین ساڵەتان لە ئاخوندانی دەسەڵاتداری تـالانچی، گەنـدەڵ، جینایەتکـارو دیکتـاتۆر، وەک گرکـان، وەک بروســـکە، لە مەیـــدانی شـــارە جیاجیاکـانی شـارەکانی کوردستاندا، هەرەشـــە لەقەڵای ستەم و بێدادی حکـــومەتی ویلایەتـــی فەقیە بکات و مەترسی جیـــددیی بـــۆ ســـەر داهـــاتووی خۆیـــان و دەسـەڵاتەکەیان دروست بکات.

لەگەڵ دڵنیـــابوون بە داهـــاتووی گەش و ڕۆژی ڕوون و گەیشـــتن بە ئازادی و بە مافی ڕەوای جەمـاوەر لە کوردسـتانی ئێران و دڵنیا بـوون لە ڕوخـان و لە نـاوچوونی حکـــومەتی دیکتـــاتۆری مەزهەبـی، داواکـارم بە شـــێوەی دروســـت و بە ڕێکخســـتن و بەرنـــامە، درێـــــــــــــژە بە نارەزایەتیەکـان بـدەن، بەردەوام بوونتـــــان لە نـارەزایەتی شیلگیرانە، دەتـانگەیێنیتە ئامـانج و هێزە سەرکوتگەرەکان لە بەردەوامـی نـارەزایەتی یەکگرتووانەتـان، بـێ توانـا دەبـن لە ڕوبەڕوو بـــوونەوەوەو ســـەرکوتی جەمـــــــــــــاوەر. ئەرکـــی ئوســـتادانی دانشـــــــــــــگاو مەدرەسەکان،نووسـەران، ڕۆشنبیران،شاعیرەکان و هونەرمەندانی تێکۆشەرە بە بەشـــــــــداریان لە ڕاپەڕیـن و هەروەهـا لە ئاگـــــــــادارکردنەوەو ووشـــــــیارکردنەوەی جەماوەر و زیـاتر کردنی هەلـومەرجی تەبـایی لە ڕیزی کـۆمەلانی خەڵکی کوردســـتان بە هەمـــوو بیروبـــاوەرو ئـــایینە جیاجیاکـــــان دەوری گرینگ و چارەنووس ساز بگێـڕن. بێگومـان دەوری ئێـوەی بەڕێـز حەیـاتی و بەکلایـــی کەرەوەیە لە گۆڕانکاریەکـــان لە ئێستاداو لە سەقامگیری لە داهاتوودا.

داوا لە مامۆســـتایانی ئایینی ئیسلام و تێکرای ئایننە جۆراوجۆرەکان لە کوردســـــتان دەکەم کە یێکەوە و وەک هەمیشـە بەرپرسـایەتی مێژوویـی خۆیـان کە پێشـڕەوی کردنـــــی جەمـــــاوەرو روبەڕوبونەوەی ستەم و بیعەداڵەتیەکان بە جێ بگەیـنن. ماموسـتایانی ئایینی لەم هەلـومەرجە ناســک و مێـــژووییەدا ئەرکی گەورەیان دیفاع و پشـتیوانی لە جەمـاوەرو لاوانـــی شۆڕشـــگێڕەو، بەرپرسایەتی نیشتمانی و ئایینی یان دەکەوێتە سەرشـــان و دڵنیـــام بە هەســـت کردنیـــان بەو بەرپرســـــایەتیەیان، دەوری ســـەرەکی دەگێـــرن لە شۆڕشـــــــی ڕەوای جەمـــاوەر بەرانـــبەر بە حکـــومەتی دژی دیـــن و دژی مروفـــــایەتی لە ئێرانـــــــــــــدا. هەروەهـــــــا داوا لە ئەنـداماان و لایەنگرانـی تێکۆشـــەری ســـازمانی خەبـــات و تێکـــڕای دۆستان و ئازادیخوازان لە شـــارو دێ کوردســـتان دەکەم بە شـــــێوەی کـــــاریگەرو دوور لە دروشـمی تەشـکیلاتی و ســـازمانی و تەنیـــا لە چوارچێوەی ویستی گشتی جەمـــــــاوەر، دەوری کاریگەریـــان هەبـێ، وە وەک هەمیشـــــــــە لە هەوڵەکـــــان بـــــۆ یەکگرتـــوویی و تەبـــایی بەردەوام بــــــــــن. هاونیشتمانیانی خۆڕاگر! لەم لە هەلـــــومەرجە چـــارەنووس ســـازەدا یەکگرتوویی و تەبـایی و هـــاودەنگی پێویســـتێکی حەتمـــی و زەرورە، لە ئێســـتادا بەکرێگیراوانـــی ڕژێـــم هەوڵ دەدەن بە جیاوازی دانان لە نێوان خەڵکـــی شـــارەکانی کوردستان و مەرزبەنـدی و دروست کردن، دیاردەی دزێـوی نـاوچەگەرایی و شـارگەرایی، یەکێتـی و یەکگرتـــوویی لە نێـــوان دانیشـــتوانی کوردســـتان بشـــێوێنن. پێویســـتە ڕەچـــاوی ئەو راســـتیە بکەین کە خەڵکی هەموو شارو گونـدێکی نیشـتمان تێکۆشـــــەرو نەبەزن و هەمـــوو لە خەبـــات و ڕاپەڕیـــن لە بەرانـــبەر دەســـەڵاتی دیکتـــاتۆردا هاوبەشـــن وزوڵـــم و بێـــدادی دەســـەڵات، ڕوی لە هەمـــوو مـــاڵ ودێ و شارێکی کوردستان کردوە بە بـــێ جیـــاوازی، هەر بـــــۆیە هەمـــــوو هاوچارەنووسین و هـیچ شارو گونـدێکی نیشتمان جیاوازی نەبوەو نەکردوە لە ڕاپەڕیـن بـۆ کۆتـایی هێنـــان بە حکـــومەتی مرۆڤ کـوژو کـورد کـوژی ئاخوندی.

هەروەهـــا پێویســـتە پێوەنـــدی و هاوکـــاری خەڵکـــی ڕاپەڕیـــوی کوردســـــتان لە گەڵ شـارەکانی دیکـەی ئێران بە شـــێوەێکی تـــۆکمە بەردەوام بـــێ و ڕێـــگە نەدەین ڕژێمی ئاخونـدی و بەکرێگیراوانی کەلێن و جیـــاوازی لە نێـــوان نەتەوەکـان لە ئێرانـدا پەرەپێ بدەن.

ل ٢

تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لە بەرە

## بەرز و بەرێز بێ 10ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.!




پێشمەرگە نەبەزو قارەمانەکان! تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی! هەموو میللەتێک کەسانی پێشەنگ و تێکۆشەری هەیە، کە زۆرترین بەرپرسیارەتی لەراست دۆزی میللەتەکەیان هەڵگرتووەو ڕەمز و سمبوڵی خۆڕاگری و نەبەزین. میللەتی کوردیش پێشمەرگەو کەسانی پێشڕەو و خۆنەویستی هەیە کە ئەرکی گەورەی دیفاع لە نیشتمان و جەماوەریان لەسەرە. جیاواز لە هەر جۆرە جۆراوجۆریەکی بیرورا و ڕێباز، پێشمەرگە لەناو دڵی تاک بە تاکی میللەتی کورد دا جێگەی خۆیان کردۆتەوە. پیرۆزیی و گەورەیی وشەی پێشمەرگە لەلای خەڵکی کوردستان بە رادەیێکی بەرچاو و گەورەیە، لە بەر ئەو ناوە بەرزو شوێن و پێگە دیارەی، بۆتە هۆی ئەوەی کە دژمنی دڵ پڕ لەقین لە ناوی پێشمەرگەو توانای پێشمەرگە ترسی زۆری لێ بنیشێ.

پێشمەرگە ڕەمزی مانەوەی نەتەوەییێکی ستەملێکراوە کە بە کەمترین ئیمکاناتەوە بەرەنگاری دژمنی تەیار بە چەک و تەقەمەنی پێشکەوتوو بۆتەوەو هەر بۆیەشە شایەنی ئەوەیە کە لەقامۆسی خۆڕاگری نەتەوەکەمان ئالاکەی بە شەکاوەیی بهێڵدرێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژێک بە ئامانجی ڕێزگرتن لە زەحمەت و تێکۆشانی ئەو مرۆڤە فیداکار و تێکۆشەرە دیاری بکرێ. هەر چەند بەداخەوە تا ئێستا ڕۆژێک بە ناوی هەموو پێشمەرگەی کوردستان دیاری نەکراوە و لەناو ئەو ڕۆژانەی کە بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە دیاریکراون سازمانی خەبات ی کوردستان ڕۆژی 10ی خەزەڵوەری وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردووە. ١٠ی خەزەڵوەر لە دیرۆکی سازمانی خەباتی کوردستان و بە گشتیش لە مێژووی خۆڕاگری و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگە لە مێژووی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەدرەوشێتەوە و جێگەی خۆیەتی ١٠ی خەزەڵوەرو مێژووی ئەو قارەمانەتیەی کە لەو ڕۆژەدا تۆمارکرا، نەوە لەدوای نەوە بگوازرێتەوە و وەک نمونەیێک بۆ ئازایەتی و نەبەردی و دانایی ڕێبەری نەمرمان مامۆستا شێخ جەلالی حسێنی بهێندرێتەوە.

ئەو ڕۆژە، ڕژیمی جینایەتکاری ئاخوندی هێزێکی یەکجار زۆری لەشاری سەردەشتەوە بەرەو بانە وەڕێ خستبوو تا بە قەولی خۆیان کۆتایی بە کێشەی کوردستان بێنن، بەڵام لە سەر جادەی نیوان شارەکانی سەردەشت و بانە و لە نزیک شاری بانەو لە شوێنێک بە ناوی هەژدەدۆلان کەوتنە بەر هێرشی بەورئاسای هێزی پێشمەرگە، ، بەرفەرماندەیی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی نەمر زیانی یەکجار گەورە بە دژمن گەیشت و هەتا دەروازەی شاری بانە ئەو هێزە کە بە ناوی گاردی جاویدان دەناسرا بە تەواوی لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە تێک شکێندرا. بەداخەوە لەو حەماسە کەم وێنەیە دا 8 ڕۆڵەی پاک خۆنەویستی کوردستان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون. زەربەکە بە رادەیێک گەورە و چاوەروان نەکراو بوو کە دژمنی لە مەیدانی سیاسی ناچار بە دژکردەوە کرد و لە هەڵوێستێکدا خومەینی ڕایگەیاند کە (خەڵکی کوردستان من دەنگی ئێوەم بیست) و داماوانە داوای ئاگربڕی لە خەڵکی کوردستان کرد. هێزێک بەو گەورەیی و پڕچەکیە لەبەرانبەر ئیرادەی پۆڵایین و باوەر و ئیمانی هێزی پێشمەرگە شکستی پێهات و ئەو وانەیە جارێکی دیکە تۆمار کرایەوە کە باوەر و ئیرادەو لەسەر حەق بوون ئەو پاڵنەرانەن کە مەحاڵ دەکەنە مومکین و شانازیی مەزن دەخوڵقێنن.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! ئەمرۆ بە پێش کەوتن و هاتنی سەردەمێکی نوێ پێناسەی چەمک و ئولگو و شێوەکانی خەبات و تێکۆشانیش ئالوگۆڕیان بەسەرداهاتووە و پێویستە لە پێناسەی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە دەربازبوونێک لە شوناسی سوونەتی بکرێ و بە مانا ئەمرۆییەکەی بەرگی نوێ بە بەر ئەو ناوە مەزنە بکرێ و سنووری پێشمەرگە بەرفراوان بکرێتەوە بۆ هەموو بەش و مەیدانەکانی کوردستان. زۆر رەوایە ئەمرۆ هەموو تاکێکی بەرپرسیار لە راست نەتەوە لە هەر بەستێنێک کە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی میللەتەکەمان تێبکۆشی و لەو ڕێگەبەش تووشی زەحمەتی و قوربانی بێتەوە بخرێتە ناو بازنەی پێشمەرگە و بەو پێناسە نوێیە هەموو تاکێک لە شانازیی ئەو ناوە پیرۆزە بەشدار بکرێ و هەستی بەرپرسیارەتیەکان پەرەیان پێ بدرێ و هاوکات هێز و پوتانسێلەکانی خەبات بەسەر هەموو بەشەکان دابەش بکرێت.

پێشمەرگە قارەمانەکان! لەکاتێکدا ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگرین کە ناوچەکە و جیهان لە حالی گۆڕانکارین و لەماوەی رابردووش دا چەندین ئالوگۆڕی بنەرەتی ڕوویان داوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێ لەسەر خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە کوردستانی ئێراندا و بەو پێیە ئەو دۆخە نوێیە هەستی بەرپرسیارەتی و وریابوونی زیاترمان لێ دەخوازێ و پێویستە بەتەبایی و یەکریزی نەتەوەیی بۆ هەر چەشنە ئالوگۆڕێک بە قازانجی میللەتەکەمان ئامادە بین. هەموو روداوەکان ئەو ڕاستیەمان وەبیر دێننەوە کە یەکریزی و تەبایی ناوخۆیی زامنی سەرکەوتن و دەستەبەرکردنی مافەکانمانە. لەو یادە پیرۆزە دا پیرۆزبایی لەسەرجەم بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی سەرفرازی پێشمەرگە و سەرجەم هێزی پێشمەرگە بە هەر بیروباوەرێک و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین و گومان نیە لەسەر تێکۆشانی پڕ ئیرادە و باوەری هێزی پێشمەرگە شاهێدی دەستبەر بوونی مافە رەواکانی نەتەوەکەمان دەبین و دەسەڵاتی ئاخوندی دەروخێ و حکوومەتێکی پارلەمانی و خەڵکی و دیموکراتیک لە ئێران جێگیر دەبێ و گەلی کوردیش بە مافەکانی دەگات.

و گەلی کوردیش بە مافەکانی دەگات.

بروخێ ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی

ئازاد و ئاوەدان بێ کوردستان

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کومیتەی ناوەندی9ی خەزەڵوەری 1398 کۆچی خۆری

## پەیامی ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات بۆ ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان .

ئافرەتانی کوردستان! شۆرشگێرانی ماوندوویی نەناس! 25ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاربونەوەیە لە دژی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ئەگەرچی ئەو مێژوویە ولەناو بزووتنەوەی مافخوازانەدا جێگەی گرتووە ،ڕۆژێکی پرشنگدارە وشیاوی گرینگی پێدانە، بەم بۆنەوە کە ڕۆژ ویادوارە و قۆناغێکە لە بەرهەمی خەبات، ڕێز و پێزانینیمان هەیە بۆ خەباتکاران و هەموو ئافرەتانی کوردستان وئێران و لەم پێوەندیەدا بەڵێنی خۆمان لەگەڵ ڕەووتی مافخوازی دوویات دەکەینەوە. سەری ڕێز ونەوازش بۆ ڕۆحی ئەو ئافرەتانە نەوی دەکەین کە لە پێناو دەستەبەری مافەکانیان گیانیان بەخشی .سلاو وڕێزمان بۆ ئافرەتانی خەباتکار لەریزی ڕێکخراوی ئافرەتان کە گیان فیدایانە تێدەکۆشن و لە پێناو ژیانێکی باشتر بۆ کۆمەڵگاکەمان تێکۆشان دەکەن. بێگومان ڕۆژی 25 ی نوامبر دوای خەباتێکی بێوچان لە پێناو دەستەبەرکرانی مافە مرۆییەکانی ئافرەتان دیاری کرا، کە ئێستا خەباتکارانمان یادی دەکەنەوە ودرێژە بەو پەیامە دەدەن کە دەبێ توندوتیژی بنەبڕ بکرێت ومافەکانمان مسۆگەر بێت. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی بەرەنگاری زوڵم و ستەم و بێدادی دەسەڵات و کۆمەڵگا لەدژی ژینێک، مرۆڤ، دایک، داهێنەر، ڕاگری باڵانسی کۆمەڵگا و ئافەرێنەری دادپەروەری و مهرەبانی و..یە. دیاری کردنی دوو حەوتوو بۆ ڕووبەڕبونەوەی توندووتیژی دژ بە ئافرەتان و وشیارکردنەوەی بەشێک لە کۆمەڵگا هەوڵدانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە دژ بە چەوسانەوە و ئاشنابوون بە ماف و ویستەکانی ئەو چینە و دەرخستن و دیاری کردنی نەهامەتی و بێدادیەکانە بۆ رووی گشتی دەسەڵاتەکان و کۆمەڵگا بە گشتی.

لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی ئاخوندان دا مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی لە نزمترین ئاستدایەو بێدادی و بێ دەرەتانی ئافرەتان لەویەری خراپیدایە، هەربۆیە پێویستە جەقی خەبات و گەیاندنی پەیامان بێت و بۆ جرکەیێک لێی دانەبڕێین. نەبونی یاساگەل و دارشتەی کلتوری ئاخوندان وای لە دۆخی ئافرەتان لە ئێران و کوردستان کردوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، لەمیەربن بۆ بەرەوپێش چونی ڕۆڵ و نەخشیان ونەهادینە بوونی ئەو فەرهەنگە کە ژن لاوازە، بۆیە پێویستە زیاتر دەوورمان لەڕۆشنگەری دا هەبێت .

لەم کاتەدا کە ئەم یادە و ئەم ڕۆژە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دەگیردێ، خەڵکی وەزاڵەهاتوو رژاونە سەرشەقام و ئافرەتانی دژبەری ناعەدالەتی، پێشەنگایەتی خۆنیشاندانەکان دەکەن و نا بۆ ئەو دەسەڵاتەو یاسا دژە ئینسانیەکان دەڵێنەوە . داواو خواستی ئافرەتان بە ڕووبەڕوبونەوەو هاتنە مەیدان مسۆگەر دەبێ و ویستە سەرەتای و باڵاکان هەر لەسەرەتای دەستپێکی ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە، دەبێتە هەوێنی ڕەهەندەکانی ئازادی تاک و کۆمەڵگاو نەخش و ڕۆڵی ئەو چینە دەبێتە ڕەمزی ئازادی . هەربۆیە ڕێکخراوی ئافرەتان بەهەڵی دەزانێ کە داوا لە ئافرەتان بکات چیدیکە زوڵم و ستەمی ئەو ڕژیمە قبوڵ نەکەن و وەک هەمیشە جڵەوی هەنگاوەکانی ئازادی وێڕای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بگرن و خواستە لە مێژینەیەکەی ئەو چینە بە بەشداری بەرچاو، بهێننەدی و دژی هەرچەشنە توندوتیژیەک بوەستنەوە، تا ئازادی یەکجاری.

ڕێکخراوی ئافرەتانی خەبات

24ی نوامبری 2019

### پاشماوەی لاپەڕەی یەک

... تێکۆشان و خەباتی تێکرایی خەڵک لە ئێران و کوردستان بۆ ڕوخانی ئەو ڕژیمە ستەمگەرو دیکتاتۆرەو هێنانە دیی حکومەتی دیموکراتیک لە ئێراندایە کە مافی نەتەوەکانی ئێران دابین بکات. لە گەڵ سلاو درود بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕاپەڕینی دژ بە ئیستبدای ئاخوندی سەرکەوتوبێ ڕاپەڕینی تێکرایی جەماور لە ئێران و کوردستان. بروخێ ڕژیمی دیکتاتورو ستەمگەری ئاخوندی.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

بابەشێخ حوسەینی

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ١٠ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران!.



ڕۆژی هەینی 1ی نوامبری 2019بەرامبەر بە 10ی خەزەڵوەری 1398، لەبارەگای ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستان، ڕۆژی پێشمەرگە بەرز راگیرا. سەرەتای ریورەسمەکە بە دەقیقەیێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە روحی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، و پاشان بەرێز کاک کامیل نورانی فەرد ئەندامی دەفتەری سیاسی وتاری سەرکردایەتی سازمانی خەباتی کوردستانی پێش کەس کرد.

بەرێز نورانیفەرد لە وتەکانی دا وێرای ئاماژە دان بە مێژووی دیاری کردنی 10ی خەزەڵوەر وەک ڕۆژی پێشمەرگە کە تێیدا بەدەست و مەچەکی هێزی پێشمەرگەی بەر فەرماندەیی مامۆستا شێخ جەلالی حسێنی نەمر زەربەیێکی گەورەی نیزامی و سیاسی لە رژیمی ئاخوندی درا، باسی لەوەکرد کە پێویستە لە پێناسە باو و سوننەتیەکانی پێشمەرگە دەربازبوونێک هەبێ و بە ئامانجی پەرەدان بەهەستی بەرپرسیارەتی لەناو کۆمەڵگا هەر تاکێکی کورد کە،هەستی بەرپرسیارەتی هەبێ و لە یەکێک لە بەستێنەکانی خەبات لە تێکۆشان دابە لەناو بازنەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە جێ بگرێ.



بەرێز کاک کامیل نورانی فەرد لە بەشێکی تری قسەکانیدا وێرای ئاماژە دان بە دۆخی جیهان و ناوچەکە، بەلەبەرچاو گرتنی جوڵە مەترسیدارەکانی رژیمی ئێران لە چوارچێوەی زێدەخوازییە شەرئەنگێزەکانی، رەوشی ئەو دەسەڵاتەی بە قەیراناویی و ئاسۆی بەردەمی بە شکست و دارمانی زیاتر وەسف کرد بەرێزیان وتیان ئەو دۆخە هەستی بەرپرسیارەتیەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی لەکوردستانی ئێران پەرە پێدەدا و ئەو راستیەمان وەبیر دێنێتەوە کە پێویستە ئامادەکاریی بۆ قۆناغی نوێ و پێکهێنانی یەکێتیەکی گشتگیری هەمەلایەنە بگریتەوە.




لەپاش قسەکانی کاک کامیل نورانی فەرد ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات، چەندین سرود و شیعری تایبەت بە پێشمەرگە پێشکەش کران و بە برگەی ڕێژە ڕۆیشتنی هێزی پێشمەرگە، کۆتایی بە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە 10ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات هات.











## سەعد حەریری دەستی لە کار کێشایەوە!.



سەعد حەریری سەرۆک وەزیری لوبنان بەهۆی درێژەکێشانی نارەزایەتیەکانی ئەو وەڵاتە دەستی لەکار کێشایەوە.
لەدوای دو حەوتوو لە بەردەوامی نارەزایەتی جەماوەریی لە لوبنان، رۆژی سێشەممە 7ی خەزەڵوەر، سەعد حەریری سەرۆک وەزیرانی ئەو وەڵاتە دەستی لەکارکێشایەوە.
ناوبراو هەروەها لە پەیامێکی تەلویزیۆنیدا ووتی: ئەوە ویستی هەزاران لوبنانیە، ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە چەترێکی رزگاری بۆ هەموو وەڵات و بۆ رێگری کردن لە هەرەس هێنانی وڵات دروست بکەین.
حزب اللەی لوبنان یەکێکە لەو گروپانەی کە بەشدارە لە حکومەتی هاوپەیمانی سەعد حەریری و نارازیان لە دروشمەکانیان دا رق و بێزاریان لە رژیمی ئاخوندی و دەستوێوەندەکانی دەردەبڕی و خوازیاری دەرکردنی رژیمی ئێران و کۆتایی هێنان بە دەستێوەردانەکانی لە لوبنان بوون.
شایانی باسە لە ماوەی نارەزایەتیەکان هێزە تیرۆریستیەکانی حزب اللە چەندین جار پەلاماری جەماوەری نارازیان دەدا و رۆژی سێشەممەش کۆمەڵێک کەسی چەکدار بە باتۆم هێرشیان کردە سەر ناوەندی سەرەکی خۆپیشاندەران لەشاری بەیروتی پێتەخت، و بڵاوکراوەکانی ئەو وەڵاتە هێرشبەران بۆ سەر نارازیانیان وەک ئەندامی جوڵانەوەی شیعەی (ئەمەل) هاوپەیمانی خامنەی ناوهێنان

## دیداری نێوان پێوەندییەکانی سازمانی خەبات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە شاری هەولێر.



رۆژی پێنج شەممە 2019/11/7، شاندێکی پێوەدی هەولێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان سەردانی پێوەندیی هەولێری سازمانی خەباتیان کرد. شاندی کۆمەڵە بە سەرپەرشتی بەرێز کاک لەودیدارە دۆستانەیە دا چەجدین تەوەری جێی بایەخی دوو لایەن ئاڵوگۆری بیروڕای لەسەر کرا و لەناویشیاندا پرسی یەکگرتوویی ویەکڕیزی هەڵوێستەی زیاتری لەسەر کرا.
لەکۆتایی دا سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەسەر پێوەندیی و دوستایەتی نێوانیان پێداگرییان کردەوە.

## بەشداری لە مەراسیمی ساڵیادی رۆژی شەهیدانی یەکێتی.



رۆژی پینج شەممە رێکەوتی 21/11/2019 بەرامبەر بە 30/8/1398 ، هەیئەتێکی پەیوەندی سازمانی خەبات لە شاری سلێمانی بە سەرپەرەستی بەرێز کاک بەختیار عەزیزی بەرپرسی پەیوەندی و لەسەر بانگهێشتی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشداریان کرد لە مەراسیمی ساڵیادی رۆژی شەهیدانی یەکێتی کە لە لایەن مەکتەبی شەهیدانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەرێوەچوو. جێگەی باسە پەیامی سازمانی خەبات بەو بۆنەوە پێش کەش بە بەرێوەبەرانی رێورەسمەکە کرا. . ..

## زەوی لەرزە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵاتی لەرزاند.



زەوی لەرزەیەک بەهێزی 5.9 ریشتەر ناوچەی تورکمان چای پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵاتی لەرزاند.
رۆژی هەینی 17ی خەزەڵوەر، زەوی لەرزەیەک بە پێوەری 5.9 ریشتەر و کات 2 و 17 دەقە و 3 سانیە، ناوچەی تورکمان چای ئازەربایجانی خۆرهەڵاتی لەرزاند.
تورکمان چای ناوچەیەکی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات و ناوەندی شارەدێی کەندوان و بەخشی کەندوان لە شارەدێی کەندوانە.
ناوەندی توێژینەوەی زەوی لەرزە لە زانستگای تاران دەڵێت، ئەو زەوی لەرزەیە جگە لە ئازەربایجانی خۆرهەڵات، پارێزگاکانی ورمێ، گیلان، زەنجان و ئەردەبێلیشی لەرزاندووە.
سەرۆکی بەشی ئۆرژانسی نەخۆشخانەو بەرێوەبەری کارەساتەکانی زانستگای علومی پزیشکی تەورێز وتویەتی: بەهۆی ئەو کارەساتە سروشتیەوە تا ئێستا 5کەس مردوون و نزیکەی 251 کەسیش بریندار بوون.

## هەواڵ و زانیاری خۆپیشاندانەکانی شارەکانی کوردستان و ئێران ، ٢٦ی خەزەڵوەر.

ئەمرۆ یەکشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، لە سێهەمین رۆژی نارازیەتیەکان دا زیاتر لە ٥٢ شاری ئێران و کوردستان دا خۆپیشاندانی بەربلاو کرا. لەوانە شارەکانی تاران، مەشهەد، سیرجان، پولدوختەر، ئەهواز، ئابادان، خورەمشەهر، بێهبەهان، ماهشەهر، تەورێز ، شیراز، ئیسفەهان، بیرجەند، بەندەرعەباس، بووشێهر، شەهر قودس، دەماوەند، بیرجەند، بەندەرریگ، یەزد، بابول، رەشت، گەرمسار، نەیشابوور، چابەهار، ئەهەر، روودهێن، ئیسلام شەهر، گەچساران، زاهیدان، فەردیس کەرەج، قەزوین، هەمەدان، خورەم ئاباد،قم و هەروەها لەکوردستانیش لە شارەکانی ئیلام،کرماشان،سنە،مەریوان، سەقز،ورمێ،جوانرۆ، کامێران و سەرپێل زەهاو ، بانە، شاباد، بۆکان، سەڵماس و گیلان غەریب و زۆرێکی تر لە شارەکان خۆپیشاندان ئەنجام درا. بەپێی هەواڵە سەرەتایەکان زیاتر لە ٦٠ کەس بە گولەی هێزەکانی رژیم شەهید کراون، لەوانە نزیک بە ٢٨ رۆڵەی کورد تاکو ئێستا بەدەست خوێنرێژان و جەلادانی رژیم شەهید بوون و بەسەدان لە خۆپیشاندەران بریندارن. هەر بەپێی هەواڵەکان زیاترلە ١٥٠٠ کەس لە خۆپیشەندەران لە شارەکانی ئێران و کوردستان دەسگیرکراون. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە راگەیەندراوێک دا رایگەیاند کە هێزە سەرکوتکەرەکانی رژیمی ئاخوندی وەک هەمیشە کە دەستیان نەپاراستوە لە کوشتاری خەڵک، تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن. لە بەشێکی تری راگەیەندراوی سازمانی خەبات دا هاتوە کە رێژیمی ئاخوندی بەم بریارە زاڵمانەی کە دەرحەق بە خەڵکی ئێران و کوردستان داویەتی، دەیهەوێ کەلێنێک لە ئاسەواری ئەو سزا جیهانیانە کەم کاتەوە کە لە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانی سەرانی رژیمەوە هاتوونە ئاراوە.
بێگومان بەخراپ بەکارهێنانی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران و خەرج کردنی بۆ تیرۆر و ئاژاوە گێری لە دەوڵەتانی ناوچەکە و دەستێوەردان لە وولاتانی دیکە، بوونە هۆکاری ئەوەی کە رێژەی هەژاری و قەیران و داڕمانی ئابووری لەناو خەڵک دا رۆژ بەرۆژ لەزیاد بوون دابێ. سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی هەمەلایەنە و بێ ووچانی بۆ داوا رەواکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، داوا دەکا کە لە خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی بەردەوام بن. بێگومان تاقە رێگای رزگاربوون، روخانی ئەم رژیمە دیکتاتۆر و خوێنرێژەیە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دابین.سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، داوا لە کۆڕ وناوەندە جیهانیەکان و دەوڵاتان دەکا، کە پشتیوانی لە داواکانی خەڵکی ستەم دیتووی ئێران و کوردستان بکەن و کوشتاری خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رژیمەوە بە توندی مەحکوم بکەن.





## نوێنەری کۆنگرەی ئامریکا: تاکە رێگای بۆ گۆڕانی حکومەت، راپەرینی جەماوەریە!.



دوو ئەندامی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبەرانبەر ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانەی خەڵکی ئێران و کوردستان، هەڵوێستیان دەربری.
تام کاتن سیناتۆری جمهوری خوازەکانی ویلایەتی ئارکانزاس لە تویتێکی دا نووسی: جەماوەری ئێران لەوەی کە رژیم ویست و داوا سەرەتای و رەواکانیان لەبەرچاو ناگرێت، و هەروەها سامان و داهاتی ئەو وڵاتە خەرجی گرویە ترۆریستیەکان لە سەرتاسەری خاوەرمیانەدا دەکات، وەزاڵە هاتوون.
ئێمە دەبێ یاڵیشتی ئەو خەڵکە قارەمانانە بکەین کە داوای وەرگتنی وەڵامی ویست و داواکانیان لە ئاخوندانن.
لەلایەکی ترەوە ویلیام هەرد، نوێنەری ویلایەتی تێگزاس لە مەجلیسی نوێنەرانی ئامریکا و ئەندامی حزبی جمهوریخوازەکان لە تویتیکدا بە پرسینی ئەوەی کە بۆچی نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران گرنگی هەیە؟ خۆی لە وەڵامدا نووسی: تاکە رێگای ئەوەی کە ئێمە رژیمی ئاخوندی بوەستێنین لە پشتیوانی ترۆریزم و دەست راگەیشتن بە چەکی ناوکەیی، گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە بەسەرجووەیە و ئەوەش کاتێک روو دەدات کە خەڵکی ئێران رایەرن.
ناوبراو هەروەها نوسی، ئێمە دەبێ پەیامی ئەو خەڵکە بەهێز بکەین بۆ ئەوەی ئەو رژیمە تاکرەوە لە کاربکەوی.

ووتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لە تویتێکدا بە ئاماژەکردن بە نارەزایەتیە جەماوەریەکان ئێران نوسی: ئامریکا پشتیوان و یاڵیشتی ئەو خەڵکە قارەمان و وەزاڵە هاتووە دەکات.
ناوبراو هەروەها وتی ئامریکا ئەو هەوڵانەی رژیم بۆ برینی خەتی ئینتێرنێتی مەحکوم دەکا.
مایک پەمپێئۆ، وەزیری دەرەوەی ئامریکاش لە تویتێکدا نوسی، هەروەک ساڵ و نیوێک لەوە پێش وتبوم، ئامریکا لەگەڵ خەڵکی ئێرانە.
لەدوای چل ساڵ بێدادی، خەڵکی خۆراگری ئێران لەبەرانبەر سوئیستفادەکانی حکومەتەکەیان بێدەنگ نابن، ئێمەش بێدەنگ نابین، من پەیامێکم بۆ خەڵکی ئێران هەیە: وڵاتە یەکگرتووەکان دەنگی ئێوە دەبیستێ، وڵاتە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەئێوە دەکات و لەگەڵ ئێوەیە.




بەداخەوە بۆ چەندەمین جار شاهێدی بڵاوبونەوەی هەواڵ و راپۆرتی ناڕاست و لە چوارچێوەی خزمەت بە سیاسەتەکانی رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندەکان لە ئێران، و بە دژایەتی هێزو لایەنە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران و کوردستان بووین.
جێگەی ئاماژەیە کە لەم ماوەدا، چەندین جار ئەو کەناڵە لەچەند رێگەی جیاوازەوە ، هەواڵ و بەرنامەی چەواشەکاری و ناڕاستی تایبەت بە سازمانی موجیاهیدینی خەڵقی ئێران بڵاوکردەوە، کە ئەو راستیە دەسەلمێنێ، ئەم کەناڵە کەوتۆتە داوی دەزگای جاسوسی سەر بە ئیتلاعاتی رێژیمی ئاخوندی. بێگومان دروستکردنی هەواڵ و راپۆرتی لەو چەشنە لەسەر ئازادیخوازان، وێڕای سەرپێچی کردن لە ئسوڵ و بنەما ئەساسی و راستەقینەکانی کاری رۆژنامەوانی ، پشتیوانی کردنێکی ئاشکرای بەشێک لە کارمەندانی ئەو کەناڵە دەردەخا بۆ رێژیمی ئاخوندی.
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی ئەو هەوڵە زیانبارانەی کەناڵی بی بی سی فارسی لەسەر ئازادیخوازانی ئێرانی و کوردستانی، رادەگەیەنێ کە بەرپرسانی ئەو کەناڵە پێویستە دەست بە لێ پێچینەوە لە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە ناڕاستانە بکەنەوە و نەهێڵن کە رژیمی ئاخوندی ئەو کەناڵە بۆ خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی خۆی بەکار بێنێ.

ناوەندی راگەیاندنی سازمانی خەبات.

## خامنەیی وتی : شارەزاییم نییە، بەڵام پشتیوانی لە بریاری بەریرسان دەکەم!!



دوا بەدوای خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی ئێران لەدوای زیاد بوونی سێ هێندەی نرخی بەنزین، خامنەیی، رێبەری رژیمی ئاخوندی رۆژی یەک شەممە 26ی خەزەڵوەر لە کۆبوونەوەیێکی ئایینی دا، لەپێوەند بە بریاری گران کردنی نرخی بەنزین بۆ سێ هێندە وتی: من لەسەر بابەتی گران بوونی بەنزین شارەزایم نیە، بەڵام پشتیوانی لە بریاری بەرپرسی بەشەکان دەکەم و دەبێت ئەو بریارە جێ بە جێ بکرێ، ناوبراو هەروەها داوای لە بەرپرسانی یاراستنی ئەمنیەت کرد کە ئەرکەکانی خۆیان بەباشی جێ بە جێ بکەن.
کاربەدەستانی دەوڵەتی لە رۆژەکانی کۆتایدا و چەند جار رایان گەیاندووە کە بریاری زیاد بوونی نرخی بەنزین بۆ سێ هێندە، بەتەئید کردنی شۆرای بەرزی هاوئاهەنگی سێ دەزگاکە بووە. ئەم شۆرایە لە جۆزەردانی ساڵی 1397بە بڕیاری عەلی خامنەی،دەستی بەکار کردووە و لەژێر چاودێری ئەو دا کاردەکات.
خامنەی هەروەها وتی؛ لەسەر ئەم بابەتە وتم کە من خاوەن بریار نیم بەڵام ئەگەر لێپرسراوانی سێ دەزگاکە بریار بدەن منیش پشتیوانی دەکەم.
من ئەوەم وتووەو پشتیوانیشی لێ دەکەم.

## کۆددارەکانی ئیتلاعات و ددان نانی یونسی بە پێکهاتەی وەزارەت!

بێهرۆز ئەردەڵان



دەسەڵاتە دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژەکان چەند شتی بێزراو دەکەن بە کۆڵەکە و پشت بۆ مانەوەیان. یەکێک لەو ساختار و نیزامانە کە رژیمی دیکتاتۆر وخوێنمژی ئاخوندیە ،بەدرێژایی دەسەڵاتی پشتی بەکاری سیخوری و تاوانکاری بەستووە و لە پێناو حوکمی مەلاکانی دەسەڵاتدا، چەند شتی کردووە بە کۆڵەکە کە دزێوترینیان برەودان بەکاری سیخوری وجاسووس تراشی بووە . وەزارەتی ناوزراوی ئیتلاعات کە ناوێکی ئاشنا وهاووکات کابووسێکە بۆ ئێرانیانی ئازادە وخەڵکی کوردستان بەتایبەتی ، لەمێژە تاقیکاری دەکات و لە پێناو قایم کردنی پایەی رژێم ، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بێنرخ بەکەڵک دەهێنێت.

تاوانەکانی ئەم وەزارەتە بەرادەیێکن کە لەئەژمار نایەت.لەمێژووی ئێراندا رەشترین دیرۆکی تۆمار کردووەو لەجینایەتەکانی ئەم دەسەڵاتە سەبارەت بە خەڵکی ئێران زۆرترین پشکی بەرکەوتووە. وەزارەتی ئیتلاعات کە پێک دێت لە مۆرە نیزامی وئەمنی و درندەکانی سپای پاسداران وئەرتەشی رژێم ،بە تاقیکردنەوەیان لەدەوورەگەڵی جۆراوجۆری مرۆڤکوژی وتاوانکاری، لەدەسپێکی حوکمی ئاخوندانەوە تاوبان دایە بڵاو کردنەوەی فەساد و تۆی خرایەکاری و ئەویەری غەیرە ئەخلاقیان لە ناو زیندانەکان بڵاو کردووەو وەک هۆکارێکیش بۆ بڵاوو کردنەوی ئیعتیاد لەکۆمەڵگا بەکاردەهێنرێن. تەجاوز بە نێرینە لەزیندان ولەکاتی ئیعتراف وەرگرتن، بووە نەریت و ژنانیش وەک قوربانی هەمیشەیی کرانە جاسووسی شاراوە و ناوی یەرستووی کۆد دار لەوەڵاتیان وەردان و لەم رێگەوە زۆرترین زەبریان لە جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان وەشاند. لەکاتی کێشمەکێش و ووردە ناکۆکی نێوان باڵ وتەیفەکانی دەسەڵات ،سەرانی ئەم رژێمە لایەرە رەشەکانی یەکتر هەڵدەدەنەوە و باس لە رۆڵ ونەخشی ئەم وەزارەتە ناوزراوە دەکەن. ئاخوند یونسی وەزیری ئیتلاعاتی رژێم لەکاتی دەوڵەتی ئاخوند محمد خاتەمی ، بە نەخشی ئەو وەزارەتە لە کوشت وکوشتارو شکەنجەی خەڵک ئاماژەی دا. ناوبراو لە ووتوێژێک لەگەڵ ماڵپەری حکومەتیی جەماران ،گوتی: لە کاتی کۆشتنە زنجیرەییەکاندا گوتم: ئەگەرچی وەزارەتی ئیتلاعات لە ئێستادا دامەزراوێکی ئەمنیە،بەڵام بنەرەتی ئەو وەزارەتە دامەزراوێکی نیزامیە ولە قوڵایی دڵی نیزامیەکان هاتۆتە دەر. زۆریان لەسیاوە هاتوون وبەشێکیشیان لە ئەرتەشەوە. ئەمانە نەهاتوون لێرە کاری هەواڵگری بکەن بەڵکوو هاتوون کاری نیزامی بکەن،هاتوون دژە شۆڕش بگرن وبیکوژن.

ئاخوند یونسی لەبارەی قەباحەتی کەڵک وەرگرتن لە ژنانی ئیتلاعاتی بە بوونی کۆدی یەرستوو لە کارکردی سیخوری ونفووزی وەزارەت ،حاشای لەو بابەتە کرد وگوتی تا جێگەیێک من ئاگادارم کەڵک وەرگرتن لەو چەکە قەدەغە بووە کە کەسگەلێک وەک پەرستووی کۆددار لە بەرگی کارمەند یا مەئموور دابمەزرێت. ناوبراو زیادی کرد ئەگەر گەرەکیان بێت خاڵی لاوازی کەسەکان بدۆزنەوە دەتوانن لەسەر بابەتی سیاسی یان ماڵی دەست دابنێن وئەوە رەنگ پێبدەن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە ئیتلاعات وسپای ئاخوندی بەچەندجار لەناوخۆ ولەدەرەوە بەتایبەت لەرووداوی ژنە ئیتلاعاتیەکە و وەزیری بکوژ لەپێوەند بە محمد عەلی نەجەفی وهەروەها لە ئابڕووچوونی وەزیرێکی نۆرویژی کەبەهۆی پێوەندی لەگەڵ ژنێک چبووە ئێران و دوای ئاشکرا بوونی بەناچاری دەستی لەکار کێشاوە، هەمووان شاهێدی کردووەی چەپەڵی رژیمی ئاخوندی بوون، کەچۆن ژنان بۆ ئەنجام دانی پیلانەکانی بەکار دەهێنێ...

ئاخوند یونسی لەبارەی رێکخراوەکانی سەروە وەزارەتی ئیتلاعات گوتی: لەوەزارەتی ئیتلاعات بێجگە لەوەزیر هەموویان لێپرساوی شاراوەن وپۆستی ئاشکرایان نیە.

بەو پێیە بۆ ئەوەی سەرۆک کۆمار بزانێ فلان ئاغا وەزیری ئیتلاعاتە یان نیە ،پلەی چیە وهەروەها ، لەچ کەسێک بێجگە لەوەزیر دەتوانێ بپرسێ؟! سەرۆک کۆمار بۆ بەدەست هێنانی ئەو زانیاریە یا دەبێ لەمن بپرسێ یان لەگەڵ خوسرەو تارانی ورەبیعی راوێژ بکات. لەم کاتەدا و ئەوکاتە من وەزیر نیم، ئەو دوو کەسە وەزیرن.

جێگەی بیر هێنانەوەیەکەعەلی رەبیعی کەیونسی رۆڵی گرینگی لە وەزارەتی گڵاوی ئیتلاعات بیر دەهێنێتەوە ، وەزیری کاری ئاخوند رۆحانی بوو،ئێستاش ووتەبێژی دەوڵەتی ناوبراوە. سەرلەبەری وەزیرەکانی کابینەی رۆحانی کلیل ساز لەم مۆرانەی ئیتلاعات پێکهاتوون و ئێستا خەریکی تەکبیرن بۆ ئیدارەدانی گەل.

## سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێران دا.

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا، لە یادی ٤٠ هەمین ساڵیادی هێرشکردن بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران کۆمەڵێک سزای نوێ و کاریگەری بەسەر دەسەڵاتبەدەستان و جەلادانی رژێم دا ڕاگەیاند. بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی کۆشکی سپی سزا نوێیەکە هەریەک لە موجتەبا خامنەیی، کوڕی عەلی خامنەیی و محمد محمدی گوڵپایەگانی سەرۆکی نووسینگەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئیبراهیم رەئیسی، سەرۆکی دەزگای دادی ئێران، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری باڵای ڕێبەری ئێران بۆ کاروباری نێودەوڵەتیی،وەحید حەقانیان، جێگری بەرپرسی نووسینگەی عەلی خامنەیی و غوڵام عەلی حەدادی عادل، ئەندامی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ئێران کە هاوکات خەزوری موجتەبا خامنەییە، هەروەها محەممەد حوسێن باقری، سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران و غوڵام عەلی رەشید، فەرماندەی ناوەندی خاتمول ئەنبیا دەگرێتەوە.شایانی باسە چەند ڕۆژ پێشتر، ئەمریکا گەمارۆی نوێی بەسەر بەشی نۆژەنکردنەوە و بیناسازی ئێران ڕاگەیاند، کە ئەو بەشە سەر بە سوپای پاستارانی ڕژێمە.



## ئەمریکا چاودێریەکانی لەسەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی رژێم چرتر دەکاتەوە!.



ڕۆژنامەی واڵ ئێستریت ژۆرناڵ لە بارەی دیاری کردنی رافائیل گروسی وەکوو بەرپرسی تازەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی نوسیویەتی: بەرپرسە نوێیەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بەڵێنی ئەوەی داوە چاودێری زیاتر بخاتە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران. دیپلۆماتەکان باسیان لەوە کردووە کە واشنگتۆن لەپشتەوە هەوڵی بۆ هەڵبژاردنی ڕافائێل داوە.

رافائێل گروسی لە سێهەمین دەورەی ململانێیەکی کەم وێنەدا بە 24بە 10سەرکەوتنی بەسەر کورنل فروتا بەدەست بهێن.

## بەرفراوانبوونی فشارەکان لەسەر رژێمی ئاخوندی





هاوکات لەگەڵ گەمارۆ خستنە سەر٩کەس لە دەسەڵاتدارە گەورەکان و نزیکترین مۆرەکانی خامنەیی، لە کۆبونەوەیەکی سەنای ئامریکادا بە ئامادەبوونی سیناتۆرەکان، راوێژکاران، پلەدارانی پێشوتری دەوڵەتی ئەامریکا و راگەیاندنە گشتیەکان، سیناتۆر تێد کروز، ئەندامی کومیتەی پێوەندیە دەرەکیەکانی سەنای ئامریکا و کاندیدای پێشوی سەرۆکایەتی جمهوری ئامریکا، رۆژی چوارشەممە ٦ی نوامبری ٢٠١٩، ئاماژەی بە هەرەشە ترۆریستیەکانی رژێمی ئاخوندی لە ناوچەکە و سەرکوتی خەڵکی ئێران، عێراق و لوبنان کرد و ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئەو رژێمەش هاوشێوەی باقی رژێمە دیکتاتۆرەکانی تر بێگومان لەناو دەچێت.

ناوبراو هەروەها وتی: خامنەیی و ئاخوندەکان سەرکوتی درندانە بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن. وە من بە ژنان و پیاوانی ئێران دەڵێم کە ئێمە لەگەڵ ئێوەین، تێکۆشانی ئێوە لە بەرانبەر کەسانی زاڵم و وەحشی، سەرکوتگەر، بکوژ و دیکتاتۆرە.


ئازادی گرنگە و من لەوباوەرەدام کە دەتوانین رۆژێک دیسانەوە ببینە خاوەنی ئێرانێکی ئازادی بێ ئاخوندان.

## نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران پێی نایە رۆژی حەوتەم.



نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتوی کوردستان و ئێران، ئەمرۆ پێنج شەممە رێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەر، پێی نایە رۆژی حەوتەم.لەماوەی ئەو حەوتویەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەدا، تا ئێستا نزیکەی ١٤٦ شاری ئێران و کوردستانی گرتۆتەوە، نزیکەی 251 کەسیش شەهید کراون،٣٧٠٠ کەسیش بریندار کراون، و نزیکەی ٧٠٠٠ کەسیش گیراون. جێی باسە ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانەی ئێران و کوردستان جیهانی بۆتەوە و وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بە بڵاوکردنەوەی ویدیۆیەک لە راپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و سەرکوتی درندانەی رژێم، نووسی: رژێمی دژە گەلی ئاخوندی، بەشێوەیەکی درندانە وەڵامی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکەکەی داوەتەوە، ئەوە ماوەی چوار رۆژە کە خەتی ئینتێرنێت براوە، بەڵام خەڵک لەبەرانبەر سەرکوتکردنەکانی رژێم و کردەوە درندانەکانیان نافەرمانی دەکەن و بێدەنگ نابن. راستیەکان لەحاڵی ئاشکرابووندان و جیهانیش دەیانبینێ.

## زیانەکانی بڕینی ئینتەرنێت ،زیاتر لە قازانجەکانی بەنزین.!



هەواڵدەرێکی تایبەت بە کاروباری ئازادی بەیان بە سی ئێن ئێنی ووت: بڕینی ئینتەرنێت کاری رێکخراوەی و پێوەندیەکان لەکار دەخات و یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکوت. وە ئەوەش دەری دەخات کە رژێمیش بەو کارەی تەنیا بەدوای بڕینی پێوەندی خەڵک نیە، بەڵکو نایهەوێ تەنانەت کەس لەناوخۆی ئێران شتێک بە دەرەوە بڵێ کە چی ڕوو دەدات.ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەردەوامی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لەو وڵاتە، قەیرانی ئابوری وڵاتی قوڵتر کردۆتەوەو زەربەیەکی ماڵی قورسی لێداوە.هەڵسەنگاندنەکان نیشانی ئەدەن کە لەماوەی چوار رۆژی رابردوودا، نزیکەی 1.5میلیارد دۆلار( لەگەڵ دۆلاری 12 هەزار تمەنی شتێکی هاوشێوەی 18 هەزار میلیارد تمەن) لە ئابوری وڵات و 900 میلیارد تمەن لە سێ ڕۆژی یەکەم لە دەرامەدی ئینتەرنێتی، زیانی پێگەشتووە. پێنج رۆژ تێدەپەرێ لە بڕینی خەتی ئینتەرنێت و تا ئێستا کەس نازانێ کەی بارودۆخی خەتی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسای خۆی.

## بەشداری پێوەندیەکانی سلێمانی سازمانی خەبات لەسیمینارێک لە شاری سلێمانی .



رۆژی شەممە رێکەوتی 9/11/2019 بەرامبەر بە 18/8/1398 ، هەیئەتێکی پەیوەندی سازمانی خەبات لە شاری سلێمانی بە سەرپەرەستی بەرێز کاک بەختیار عەزیزی بەرپرسی پەیوەندی، و لەسەر بانگهێشتی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سیمینارێک کە لەلایەن بەرێز مەلا بەختیار دەربارەی چەمکی گەندەڵی و کاریگەری جیهانگیری و سۆشیال میدیا بەرێوەچوو، بەشداری کرد.

بەرێز مەلا بەختیار لە قسەکانی دا تیشکی خستە سەر ئەو چەمکانە و قەیرانەکانی ئەم سەردەمە کە تیایاندا راپەرین روودەدا و دەور گێرانی سۆشیاڵ میدیای لەسەردەمی جیهانگیری دایە بەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و دواجار بەیەکێک لە کاراکتێرەکانی جوڵەی سیاسی لەقەڵەم دان.

## به خەبـاتی هاوبەشـی هێـزە کـوردی و ئێرانیەکان دەگەینە ئاوات و ئامانجەکانمان.



جەلال خۆشکەلام

رژیمی ئاخوندی لـە ئـەنجامی سیاسـەتی هەڵـەو چەواشەکارانەی خۆی و هەوڵدان بـۆ دەستێوەردان لـە کاروبـاری دەوڵـەتانی ناوچەکـە و درێـژە دان بە تیرۆ و تۆقاندن و رێز نـەگرتن لەبـەها سیاسـی و ئینسانیەکان و ژێریـی خستنی مـاف و ئازادیـەکانی خـەڵک و گـەلانی ئێـران ، رۆژ بـەرۆژ لەبـەرچاوی دنیـای دەرەوە و دەوڵەتانی دراوسێ و جەماوەری زوڵملێکـراو و مـاف زەوتکـراوی ئێـران و نەتـەوەکانی ئێـران رەشـتر و قێزێـونتر دەبـێ. رۆژ بـەرۆژ رووی راسـتەقینەی ئاخوندەکان بۆ ئەو کەس و هێز و لایەنانـەی کـە تـاکو ئێسـتا بەهیوای چاکسازی و گۆرانکاری بـوون لـە نـاو ئەم سیسـتەم و نیزامەدا، دەردەکەوێ و ئەوانیش دێنە ئەو بـەرەوە کە باوەریـان تـەنها وتـەنها بـە رووخـان و لەناوبردنی ئەم رژیمەیە. دێنە ناو ئـەو بەرەی کە زۆر دەمێکە هـەوڵیان داوە وزەو توانـاو هەوڵەکان بە ئاقاری روخان و لەناوبردنی بێ ئەملاولای رژیم و هاتنـە سـەر کـاری نیـزام و سیستمێکی دیموکرات و سیکولارن بۆ داهاتوی ئێران و کوردستان . دەنگـی نـارازی خـەڵک و جـەماوەری ئێـران و کوردسـتان رۆژ بەرۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایـە. خـەڵکی بـە ئومێـدی پشتیوانی و رێبەری کردنی ئەو هێزانـەن کـە باوەریـان بـە روخـانی رژیم هەیە و دەتـوانن لـە داهـاتودا رۆڵـی کاریگـەر و سـەرەکیان هـەبێ لـە بنیاتنانـەوەی وڵات و دامەزراندنی سیستم و نیزامێکی دیموکراتی و فرە حیزبـی، کـە تیـای دا خـەڵک ئازادانـە نوێنـەرانی خۆیـان بـۆ بـەرێوەبردنی دەوڵـەت و حکـومرانی کردنـی ووڵات هـەڵبژێرن و کـار بکـەن بـۆ بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگـە و پاراسـتنی مـاف و ئازادیـەکانی تـاک و گـەلانی دووجـار چەوساوەی ئێران. نیزامێک کە باوەری بـەوەبێ گەلانی ئێـران، بەتایبـەتی خـەڵکی کـورد ئازادانە لەچوارچێوەی نیشتمانی دا مـاف و ئازادیـەکانیان پارێزراوبێ و بتوانن بریاردەر و پارێزەری خۆیان بن و خەڵک و ناوچەی خۆیـان بـەرێوە بـەرن. خۆپیشـاندانەکانی مـانگی نۆڤـامبری ئەمساڵ لەشارەکانی ئێـران و کوردسـتان کـە تـاکو ئێسـتاش بـەردەوامی هەیـە دەرخـەری ئـەو راستیەن کـە خـەڵک، بـەرەو بورکـانی راپەرینی یەکجاری هەنگاو دەنێ و لەو پێناوەش دا پێویستە هێز و لایەنـە سیاسـە کـوردی و ئێرانیـەکان خـاوەن پـرۆژە و بەرنامەی تۆکمە و یەکگرتووبن، بـۆ ئـەوەی کـە بتـوانین لـەو دەرفـەت و هەنگاوانـە سـود وەرگرن و ببینە بریرەی خەباتی جەماوەر و پشتیوان و پارێزەری ویست و داخوازیەکانیان بن.

سازمانی خـەباتی کوردسـتانی ئێران، لـە کوردستانی ئێران و سـازمانی موجاهیـدینی خـەڵکی ئێـران، ئـەو دوو هێـزەن کـە دەتـوانن کاریگـەری زۆر لەسـەر ئەو هێز و لایەنە کوردستانی و ئێرانیانە دابنێن، کە ئێستاش بـەو راسـتیە نەگەیشـتوون کـە تەنها روخان و لەناوبردنی ئەو رژیمـە دەتـوانێ ببێتـە زامنـی ئـارامی و تـەبایی و ئاشـتی و گەیشتنی خەڵک و گەلانی ئێران بـە مـاف و ئازادیـە رەواکـانی خۆیان. پێویستە هێزە کوردی و ئێرانیـەکان ببنـە ئەدرەسێکی بـەهێزتر و فـرە وردبینتـر لـە بەرامبـەر رژیمـی ئاخونـدی داو بێگومـان ئـەو رێگەیـەش دەمانگەیـەنێ بـە ترۆیکـی ئـازادی .خـەڵکی ئێـران و کوردستان چاوەروانی یتەوکردن و پێکهێنـانی پلاتفـۆرم و کـاری هاوبەشن لـە هـەموو لایـەک و بێگومان ئەرکی بەرپرسیاری لەو ئاقـارەدا دەکەوێتـە سـەر شـانی هەرکەسێک کە باوەری بەئازادی و مافی گەلانی ئێران هـەبێ و لەو پێناوەدا خوزیاری دامەزرانی دەوڵـەتێکی دیمـوکرات و سیکولاربێ بۆ داهاتوی ئێران و کوردستان.

## پەیامی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بابەشێخ حسینی بەبۆنەی جێژنی خاوەنکار.




به بـۆنەی جێژنـی خاوەنکـار پیرۆزبـایی به هاونیشـتمانیانی یارسان له کوردستان و له ئێران پێشکەش دەکەم.

هومێدوارم به خەبـاتی یەکـانگیری تێکـڕای خـاوەن باوەرەکـانی کوردسـتان، گەلـی کـورد بە مـافە ڕەواکـانی بگـات و به شۆڕشـی جەماوەریی و شۆڕشی هێزە تێکۆشەرەکان له کوردستان و ئێران، ڕژێمـی سـتەمگەرو دیکتـاتۆری ئاخونـدی بڕوخـێ. جـارێکی دیکه پیرۆزبایی خۆم و هاوباوەرانم له سازمانی خەبـات ی کوردستانی ئێـران به بـۆنەی جێژنـی خاوەنـدکار به تێکـڕای هـۆگران و باوەڕدارانی ڕادەگەیێنم.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی بابەشێخ حوسەینی

21ی خەزەڵوەری 1391 کۆچی خۆری 12 نوامبری 2019

## ڕێپێـوانێکی جەمـاوەری له وڵاتـی سـویس بـۆ پشتیوانی له خەڵکی کوردستان و ئێران.

رۆژی شـەممە رێکەوتـی 2ی سـەماوەزی 1398، کـوردانی دانیشـتوی وڵاتـی سـویس، ڕێپێـوانێکی جەماوەریـان لە شـاری زوریخ رێکخسـت، شـایانی باسـە ئەنـدامانی کـومیتەی سویسـی سـازمانی خەبـاتی کوردسـتان وەک هەمیشـە بـۆ گەیاندنی دەنگ و خواستی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، بە بەشداریان لەم ڕێپێـوانەدا، خوازیـاری هەرچی زوتـر راگرتنـی قەتـڵ وعـامی هاوڵاتیـان بەدەستی رژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی بون وداوای ئازادکردنی ئەو هاوڵاتیانەیـان کرد کە لەلایەن هێزە سەرکوت گەرەکـانی دەسـەڵاتی نگریسـی ئاخوندی خراونە ناو زیندانەوە.



## کوژرانی 34 کەس لە خۆپیشـاندەران لـە پارێزگای کرماشان!.

لەماوەی یەک حەوتـوی بەردەوامی نـارەزایەتی و خۆپیشـاندانەکانی ئێران و کوردستان، نزیکەی 34 کەس تەنیـا لە پارێزگـای کرماشـان کـوژراون.

رۆژی سێشەممە ٢٨ی رەزبەری ٢٧١٩، هێزە چەکدارەکانی ئێران لەو شارە تەقەیان لە خەڵکی کردووە کە بۆ چوارەمین رۆژی یەک لە دوای یەک هـاتبوونە سـەر شـەقام و لەئەنجامـدا خۆپیشـاندەرێک بە نـاوی "یـونس عیزەتـی" کـوژراوە.

هێـزە ئەمنییەکـان وتوویـانە کە یـونس عیزەتـی یەکێـک لە سـەرکردەکانی خۆپیشـاندەران بـووە . هەروەهـا مـاڵپەری حکـوومەتی "روکنـا" کـوژرانی یـونس عیزەتـی پشتراسـت کـردووەتەوە . هەواڵدەری هەنگاو ئەمرۆ شەممە رێکەوتی 2ی سەماوەز، لە راپۆرتێکدا ناسنامەی هەشت کەس لەوانەی کە لە نارەزایەتیەکانی کرماشاندا کوژراون، بڵاو کردۆتەوە بەم شێوەیە: 1_محەمەد میرزایی 2_ نادرپیژەنوەند 3 مەزهەر زەهیری 4 یونس عیزەتی 5_ بورهان مەنسور نیا 6_ عەبدولرەحمان شێرزادی 7_ سەجاد باقری 8_ موستەفا فەرزامی.





## 80 له سەدی گەنجانی جیهان بە رادەی پێویست جووڵەیان نییە!.



ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێت کە 80 لەسەدی گەنجانی جیهان جوڵەی پێویستیان نـیەو زیـاتر لە چـالاکیە جەسـتەییەکان، سـەرقاڵی دانیشـتن و کـامپیۆتەر و مۆبایـل و تلویزیـۆنن و هەروەها دەڵێت کە چوار لەسەر پێنجی گەنجان لەئێستادا کەمتر لە سەعاتێک لە ڕۆژدا چالاکی جەستەیی ئەنجام ئەدەن. ئەو دامەزراوەیە هەروەها نیگەرانی خۆی لەو پێوەندەدا دەربڕی و وتی کە ئەم دۆخە بۆ تەندروستی گەنجان مەترسی هەیە .ئەو ڕاپۆرتە هەروەها باس لەوە دەکات کە کەم جوڵەیی لەنێو کچاندا 85 لەسەدە، ئەمەش ئامارێکی جێگەی نیگەرانـیەو پێویسـتە هەرچـی زوتـر هەنگـاو هەڵگیـرێ بـۆ چارەسـەری ئەو کێشـەیە. هەروەهـا ئەم ڕێـژەیە لەنێـو کوڕانـدا 78 لەسـەدی ئەوهەوڵ و ڕاپرسیانەی کە لە 146مەدرەسەی وڵات و بە ڕاپرسی لە 106 ملیۆن گەنجی 11 تـا 17 سـاڵە ئەنجام دراوە، دەڵێت کە وڵاتـانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە لەبەرنامەیاندایە کە کەم جوڵەیی لەنێوان گەنجاندا تـا سـاڵی 2030 تـا ڕێـژەی 15 لەسـەد کەم کەنەوە، بەڵام تـا ئێسـتا پێشـوە چونێکی ئەوتـۆ لەو بەرنـامەیەدا نەبـووە. هێندێک لە وڵاتانی وەک بەنگلادش، سەنگاپور، تایلەند، ئێرلەند و ئامریکا توانیویانە تا ڕادەیەک گەنجان هاندەن بۆ جوڵەو لەپێوەند بە کوڕان تـا ڕادەیەک نەتیجەیان وەرگرتووە، بەڵام لەپێوەند بە کچان دۆخەکە فەرقێکی وای نەکردووە و تەنیا لە سەنگاپور و ئەفغانستان تۆزێک بەرەو باشتر چووە.

## بەشداری سازمانی خەبات لە گردبوونەوەیەک لە بەردەم پارلمانی نەروێژ.

روژی شـەممە ٢٣ نـوامبری ٢٠١٩ کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات بەشـداری لە گردبـوونەوەیەکی جەماوەریـدا کـرد بە مەبەسـتی پشتیوانی لە نارەزایەتی جەماوەری شـارەکانی کوردسـتان و ئێـران. ئەندامانی سازمان کە بریتی بـوون لە: عەلـی بەهرامـی بەرپرسـی رێکخسـتنی دەرەوە، کـاک مەحمـود یوسـفی و کـاک سـارۆ حوسـێنی بەشـدار بـوون . لەو گردبوونەوەیەدا عەلی بەهرامی پەیـامی رێکخسـتنی دەرەوەی سـازمانی خەبـاتی بەو بـۆنەوە پێشکەش کرد . لە پەیامەکەیدا بەرێـز بەهرامـی ئیشـارەی بەوە کە کـورد گردبوونەوەکەیـان لەبەردەم پارلمانی نەروێـژ بـۆ پشتیوانی لە نـارەزایەتی و راپەرینەکـانی ناوخۆیە. هەروەها پەنجەی خستە سـەر ئەو خـاڵەی کە راپەریـوانی ئێران و کوردستان بۆ روخان و لەنـاوچوونی تێکـرای پێکهـاتەی رژێمی ئاخوندیە. خەڵکی ئێران لە سەرماوەزی 96 بەدواوە مێژوویەکی نوێیان لە ئێران دژ بە تەواوەتی ئەو رژێمە نووسیەوە. کە رژێم بە هەر باند و باڵێک مەحکوم بە روخان و نەمانە. هەر وەک بینیومانە ئەگەر چی رژێم توانیویەتی نارەزایەتی و راپەرینەکـانی سـەرکوت کردووە بەڵام نەیتوانیـوە ببێـتە بەربەسـت لە رێـی راپەرینەکـان و نـارەزایەتیە جەماوەریەکـان درێـژەی هەیە و راپەرینەکـانی ئەم جـارە کۆشـکی دەسەڵاتی ئاخوندی وە لەرزە هێنـاوە و لە ئێسـتا رژێـم پـێگەی خـۆی لە هەر کاتێکی دیکە بە لەرزۆکتر دەزانێ. رژێم روو بە کۆتـاییەو شـۆرش و راپەرینـی خەڵکی ئێران چووەتە دۆخێکی نوێ بووە کە رژێـم رێـگەی دەرچـوونی لە دەسـت خەڵک نیە .

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا عەلـی بەهرامی ئیشـارەی بە دۆخـی کوردستان کـرد و وتـی: لێرەدا دەمەوێ ئیشـارە بە دۆخی کوردستان لە راپەرینی 98 بکەم. خەڵکـی شـارەکانی کوردسـتانی ئێـران هاوکـات لەگەڵ ناوچەکـانی دیـکەی ئێران خەڵـک لە مەیدانـدا بـوون و لە شـارەکانی وەک مەریـوان، جـوانرۆ، کرمانشـا و سـنە و شـارەکانی دیـکە خەڵک دژ بە تەواوەتـی رژێمی ئێـران دروشـمیان دا. ئەگەر چـی رژێـم توانیـویەتی لە شـارەکانی مەریـوان و جوانرۆ شەهید و برینـدارێکی زۆری لە راپەریـوان بگـرێ بەڵام هەر وەک دەبینین شـۆرش و راپەرینـی خەڵـک درێژەی هەیە .

بە رای ئـێمە ئەو جـوڵانەوەی لە کوردسـتان لە ئارادایە لەم قۆنـاغەدا وەڵامێکی دروست بـوو بـرای رژێم کە خەڵکی کوردستان وەکـوو رابـردوو کە کوردستان سەنگەری ئازادی بووەو هەیە تەواوەتـی ئەو رژێمەیـان بـردە ژێـر پرسـیار و پەیـامێکی زۆر روونیـان بە هەنـدێ دا کە خەڵکـی کوردسـتان بە پـێچەوانەی کەسـانێک کە سـازانیان لەگەڵ رژێـم دەوێ و دەیـانەوێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بە حەلێک بگەن، بەڵام خەڵکی کوردستان خوازیاری روخان و لەناوچوونی ئەو رژێمەن . شایەنی باسە کە لە پەراوێزی ئەو گردبوونەوە جەماوەریەدا کاک عەلی بەهرامی چاو پێکەوتنـی لەگەڵ بەرێـز پێتـر ئایـدە پارلمانتـار دۆسـتی کـورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران، لەو دیدارەدا باسی دۆخی شارەکانی کوردسـتان و داواکـانی خەڵکـی کوردسـتان و ئێرانـی بـۆ کـرد . لەم خۆپیشاندانەدا ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی کۆمیتەی نۆروێژی سازمانی خەبات بەشداریان کرد .






## ئامـاری گیراوەکـانی خۆپیشـاندانەکانی کوردستان.



لەمـاوەی چـوار رۆژی بەردەوامـی نـارەزایەتی و خۆپیشـاندانەکانی ئێران و کوردستان، زیـاتر لە 300 کەس لە کوردستان گیـراون . لە رۆژی شـەممە رێکەوتـی 25ی خەزەڵـوەر، نـارەزایەتی و خۆپیشاندان لە ئێران و زۆربەی شارە کوردیەکـان دەستی پێکرد لە دژکردەوەدا لە بەرانبەر گرانبوونی نرخی بەنزین بـۆ سێ قـات . لەماوەی ئەو چوار رۆژەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەدا، زیاتر لە ٣٠٠ هاووڵاتیی کورد لە شارەکانی کرماشان، جوانرۆ، سنە، مەریوان و بۆکان لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە گیراون هەواڵدەری هەنگاو هەتا ئێستا ناسنامەی ٧ کەس لەو گیراوانەی ئاشـکرا کـردووە.

جوانرۆ :شەعبان موریدی ٢_ رێبوار سەید رۆستەمی ٣_ وەحید عەبـدی ٤_ ئەمـجەد شـامحەمەدی ٥_ عـومران وەلەدی

سنە: پەریسا سەیفی کە خەڵکی کامیاران و دانیشتووی شاری سنەیە

مەریوان :مەیسەم محەممەدی.



## راپۆرتێک لەسەر پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ئێران لەماوەی حەوتوویەکدا.

لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا لانیکەم ٣٩ حاڵەتی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان تۆمار کراوە. هەواڵدەری هەنگاو: لە ڕۆژی هەینی ١٧ی خەزەڵوەر هەتا ڕۆژی هەینی ٢٤ی خەزەڵوەری ٢٧١٩، لانیکەم ٣٩ حاڵەتی پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان تۆمار کراوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە؛ کۆڵبەران ١١حاڵەت.لەماوەی حەوتوی ڕابردوودا دوو کۆڵبەر لە سنوورەکانی بانە و پیرانشار کوژراون، ٩ کۆڵبەریش لە سنوورەکانی سەردەشت، پیرانشار، سەوڵاوا و مەریوان بریندار بوون.

سێدارە و گیان دان لە بەندیخانە ٣ حاڵەت.لەو ماوەیەدا دوو هاووڵاتیی خەڵکی ورمێ و ئەیوانی ڕۆژئاوا لە بەندیخانەکانی ورمێ و ئیلام بە تۆمەتی کوشتنی ئەنقەست لەسێدارە دراون.هەروەها، بەندکراوێک لە بەندیخانەی ورمێ بە هۆی کەمتەرخەمی بەرپرسان و درەنگ گەیاندنی بە ناوەندە دەرمانییەکان گیانی داوە. دەستبەسەر کران و سەپاندنی حوکم (١٣ حاڵەت) لەماوەی حەوتوی ڕابردوودا لانیکەم ٩ هاووڵاتیی کورد لەلایەن ناوەندە ئەمنییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی، مەزهەبی و مەدەنییەوە دەستبەسەر کراون.هەروەها، ٤ هاووڵاتیی کورد بە تۆمەتی چالاکی سیاسی و مەدەنی و مەزهەبی سەرجەم حوکمی ١٣ ساڵ و ٨ مانگ بەندکرانیان بە سەردا سەپاوە.

خۆکوشتن و کوژرانی ژنان ( ٧ حاڵەت) لە حەوتوی ڕابردوودا لانیکەم ٤ کەس لە شارەکانی کوردستان خۆیان کوشتووە. هەروەها ٣ ژن بە دەستی کەس و کاری نزیکی خۆیان کوژراون.

کرێکاری ( ٥ حاڵەت) لەو ماوەیەدا پێنج کرێکاری کورد لە کاتی کار و بە هۆی ڕووداوی کارەوە گیانیان داوە. یەکێکیان لە شاری هەولێر گیانی داوە.

## راگەێندراوی کەمپەینی ،، بیدەنگی بشکێنن،، لە لایەن ناوەندی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستانەوە.





لەبەرەبەری رۆژی جیهانی بنبڕکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان و ئاوردانەوەی جددی لە مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، کەمپەینێک لەلایەن چالاکانی مافی ژنان لە کوردستانی رۆژهەلات، راگەیەندرا. رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی٢٣ی خەزەڵوەر(١٤/١١/٢٠١٩)، ناوەندی ژنانی رۆژهەلات لە سەکۆی ئازادی شاری سلێمانی کەمپەینی "بێدەنگی بشکێنن"ی بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی رێکخراوەکان، ڕاگەیاند.ئەم کەمپەینە بە مەبەستی هۆشیارکردنەوەی ژنان لە کوردستانی رۆژهەلات و روبەروبوونەوە لەگەڵ هەرجۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان دەستی بە کارەکانی کرد.ناوەندی ژنانی رۆژهەلات پێی وایە کە شکاندنی بێدەنگی یەکێک لە رێگە چارە سەرەکییەکانە بۆ روبەرووبوونەوەی توندوتیژی و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی.

## بریندار‌بوونی چەند کۆڵبەر لە سنورەکانی ،پیرانشار ، خۆی و سەولاوە.



لە ماوەی رۆژانی رابردوودا چەند کۆڵبەر و کاسبکار لە سنوری شارەکانی خۆی و سەوڵاوا و پیرانشار، بە تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران بریندار بوون. ئێوارەی یەکشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە ناوچەی ئەلەندی شاری خۆی، تەقەیان لە کاروانی کۆڵبەران کردووە و کۆڵبەرێک بەناوی حەسەن تەمەن 24 ساڵ و خەڵکی ئاوایی توور، بە سەختی بریندار بووە.

ناوبراو لاق و دەستی بریندار بووە و لە ئێستادا لە ناوەندی دەرمانی خۆی لە ژێر چاوەدێری پزیشکیدایە.

لەلایەکی دیکەوە رۆژی سێ شەممە ٧ی خەزەڵور، هێزەکانی سپای پاسداران لە سنووری تەتەی سەوڵاوا تەقەیان لە کۆڵبەران کردووە و لە ئەنجامدا ٣ کۆڵبەر بەناوەکانی یادگار مەریوانی، دەروێش ساحێبی و عوسمان تەرخاناوا، بریندار بوون. ئەو سێ کۆڵبەرە خەڵکی مەریوانن و لەکاتێکدا تەقەیان لێ کراوە کە هیچ جۆرە شت و مەکێکیان پێ نەبووە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممەش ١٠ی خەزەڵوەری ٢٧١٩، هێزە چەکدارەکانی ئێران لە سنووری پیرانشار و لە شوێنێک بە ناوی "شاخە ڕووخاو" تەقەیان لە کۆڵبەران کردووە و لانیکەم دوو کۆڵبەر بەناوەکانی سەعدەت نیا تەمەن 33 ساڵ و خەڵکی گەندی دلاوان، سولەیمان ئابتین، 50 ساڵە و خەڵکی گوندی بادیناوێ، بریندار بوون. ئەو دوو کۆڵبەرە بە مەبەستی چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندە دەرمانییەکانی شاری چۆمان لە باشووری کوردستان کراون.

## گرانبوونی نرخی بەنزین لە ئێران و نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک.



بەرزبونەوەی لەناکاوی نرخی بەنزین بۆ سێ هێندە لەئێران، کە گەورەترین زیادبوونی نرخە لەسەردەمی چل ساڵ دەسەڵاتی ئاخوندان، و ئەمە لەکاتێکدا رادەگەیەنرێ کە نرخی هەڵاوسان لە ئێراندا گەیشتۆتە رێکۆردێکی باوەرپێنەکراوی تازە. ئەو بەرزبونەوەی نرخ و جیرەبەندیە بەبێ راگەیاندنی پێشوەختە رویداوە. حکومەتی ئێران ماوەیەکی درێژ دەستی راگرت کە لەو بارەوە هەنگاو هەڵنەگرێ، لەبەر ئەوەی نرخی سوتەمەنی کاریگەری قوڵی لەسەر هەموو کاڵا بەرهەمهێنراوەکان دادەنێت و هەڵاوسان بەرەو سەرەوە دەبات و دەورانی یووچی دروست دەکات کە راگرتنی کارێکی ئەستەم دەبێ.

دەوڵەت چەند مانگ دەبێت کە ئامادەکاری بۆ گرانکردنی بەنزین کردبوو بەڵام لەترسی کاردانەوەکان و نارەزایەتیەکانی خەڵک، دواى خستبوو. بەڵام دوای چەند سەعات لە بڵاوبونەوەی هەواڵی گرانبوونی بەنزین، هەواڵی بڵاوبونەوەی هێزە ئینتزامیەکان و پۆلیسی دژە شۆرش لەناوەراستی شاردا، لەلایەن خەڵکەوە راگەیەنراوە. لەدوای گرانبوونی نرخی بەنزین، بەتایبەتی لەشاری ئەهواز، خەڵکێکی زۆر دەستیان دایە نارەزایەتی دەربرین، لەکاتێکدا کە ئۆتۆمبێلەکانیان لەبەرامبەر پۆمپی بەنزین راگرتبوو، خۆیان بوارد لەکرینی بەنزین. هەروەها لە هێندێک لەشارەکانی تری ئێران و کوردستان وەک سنە، سەقز، مەشهەد،، ئەهواز و سیرجان خەڵک دەستیان کردووە بە دەربرینی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و توندوتیژی و پێکدادان لەنێوان خەڵک و هێزە ئینتزامیەکان رویداوە. لەشاری سیرجان نارەزایەتیەکان توند بوون و خەڵک ویستویانە هێرش بکەنە سەر ئەنباری نەوتی ئەو شارە و بیسوتێنن، بەڵام هێزە ئینتزامیەکان رێگرییان لێکردوون. هەروەها راپۆرتەکان ئاماژە بە کوژرانی خۆپیشاندەرێک دەکەن.

## هاوپەیمانی دەریایی ئامریکا دەستی بەکار کرد.



هاوپەیمانی دەریایی بە رێبەرایەتی ئامریکا لە کەنداوی فارس دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. ڕۆژی پێنج شەممە 25ی خەزەڵوەر، هاوپەیمانی ئامریکا لە کەنداوی فارس بە ئامانجی پاراستنی کەشتیەکان، دەستی بە کار کردووە. دەوڵەتی ئامریکا لە چەند مانگی ڕابردووەوە ڕایگەیاندوە کە دەیهەوێت ئەم هاوپەیمانیە بۆ پارێزگاری لە هاتووچۆی کەشتیەکان دروست بکات. ناوگانی لە پێنجەمی هێزی دەریای ئامریکا کە لە بەحرەین جێگیرە، لە ئاگۆستەوە پەیوەستی ئەو هاوپەیمانییە بووە. عەرەبستانی سعوودی و ئیماراتیش لە مانگی سێبتامبر بوونە هاوپەیمانی ئامریکا.لە نێو وەڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئوسترالیا و ئینگلیس بەناردنی کەشتی بۆ ناوچەکە بەئامانجی پاراستنی هاتووچۆی کەشتیەکان ڕەزامەندیان دەر بڕیوە. ئاڵبانی نوێترین وەڵاتە لەنێو ئەم هاوپەیمانەتیەدا کە ڕۆژی هەینی حەوتوی ڕابردوو بوونی خۆی لەو هاوپەیمانەتیەدا ڕاگەیاند. ناوبراو وتی: لەگەڵ ئەوەی کە سێنتینل بۆ بەرەورووبوونەوەی هەرەشەکانە بەڵام ئامانجی دروست کردنی هەڕەشە نیە. ئێمە کەشتیگەلێکی بە هێزمان بۆ گەڕان و پشکنین بەرهەمهێناوە بەڵام جوێ لە دیفاع کردن لە یەکتر لە ئەگەری هەرەشەدا، هیچ چالاکیەکی هێرشبەرانەمان نیە. فەرماندەی هێزی دەریایی ئامریکا لە ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا ووتی کە ئامانج لەم عەمەلیاتە پارێزگاری لە ئاوەکانی کەنداوی فارسە. ناوبراو هەروەها وتی بەڵێنی ئێمە لە ناوچەکە کورت ماوە نیە، بەڵکو بەردەوام و درێژ ماوەیە و ئێمە هەتا ئەو کاتەی پێویست بکات وەکوو بەشێک لە سنتینێل چالاکیەکانمان درێژە پێدەدەین.

## بۆخەزەڵوەر





ڕێبوار

هەموو ساڵێک لە ١٠ی خەزەڵوەر دا چرۆی ئاواتەکانی من دەپشکێن و خەڵفی داری خەباتی گەلەکەم، باڵا باڵا هەڵدەکشێن. لە خەزەڵوەری هەر ساڵێکا خەزڵ خەزانی دژمنە و، نەمامی شۆڕشم دەگوورێن. خەزەڵوەران، بەورەکانی بەیانەی سەربەستی، سەمەست سەرمەست لە بناری چیای باوەڕەوە بە ناو دارستانی چڕی پڕ لە پەل و پۆی جەماوەرەوە بەرەو لوتکەی هەستانەوە، بە سنگی شاخا هەڵدەزنێن، تا لەوێوە لەسەر لوتکەی بەرزی نیشتمانەوە ڕاوی شمقارِ و کەمتیار و چەقەڵ و ڕێوی دابەستنەوە. خەزەڵوەران هەر هەڵۆ و تەوارن لەو بەرزی و سەرانەوە لەنگەر دەگرن، بست بە بستی خاکی وڵاتیان لێدیارە و ئێشکی دەگرن.خەزەڵوەران ، خەزانی عومری نەیارە،هەرچی چەوت و نالەبارە، لە خەزەڵوەر سەرەو خوارە. لە ١٠ی خەزەڵوەر دا لە ئاسمانی خەبات و تێکۆشانەوە هەورە بروسکەی بە بارانی خەمی خەمخۆرانی نیشتمان بارانی خوێنی باراند بەسەر مەزرای زەرد هەڵگەڕاوی پێدەشتەکانی بەشمەینەتی دا، لە بارینی هەر دڵۆپێک لەو بارانە ، نەمامی سەروی ڕەوانی بە پێوە ڕاوەستاوی کوردایەتی رسکان و گووران کە بە تەزوی ساردی هیچ خەزەڵوەرێک گەڵای باڵایان خەزەڵ نابێ و هڵناوەرێ.

سڵاو لەو گیانانەی لەو ڕۆژەدا بوونە چراوگی ڕێگای نەوەستان، تا سەرکەوتن و ڕزگاری کورد و کوردستان، پیرۆز بێ ١٠ی خەزەڵوەر، ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران.

**لاوانی ئەمڕۆ،بەڕێوەبەرانی دوا ڕۆژی نەتەوە و نیشتیمانن،هەوڵ بۆ پەروەردە و پێگەیاندنیان ئەرکی بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆیە!**

## وتوو وێژی رۆژنامەی زاری کرمانجی، لەگەڵ شیلان محەممەدی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کورستانی ئێران سەبارەت بە نارەزایەتی و خۆ پیشاندانەکانی خەلکی ئێران و کوردستان.

شیلان محەممەدی



بەهۆی گران بوونی نرخی سوتەمەنی لە ئێران و کوردستانی رۆژهەلات چەند رۆژێکە خۆپیشاندان دەستی پێکردوە، کۆماری ئیسلامی لە رێگەی هێزە ئەمنیەکانیەوە بە دەیان خەڵکی بێ تاوانی شەهیدو بریندار کردوە، رۆژ بە رۆژیش بلێسەی ئەو نارەزایەتیانەی هاوولاتیان گەرمتر دەبێت، زاری کرمانجی بۆچوونی چین و توێژەکانی رۆژهەلات و باشوری لەهەمبەر ئەو دۆخەی ئێستا هەیە لە ئێران بەگشتی وەرگرتووە.

شیلان محەممەدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بۆ زاری کرمانجی ئەوەی خستەروو" خەڵکی ئێران ماوەی چوار دەیەیە بەهۆی هاتنە سەرکاری رژێمێکی دیکتاتۆر و سەرکووتگەر، لەگەڵ ژیانێکی پرچەر مەسەری و نەهامەتی روبەروون و لە ئێستادا دەیان قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستانی تووشی دۆخێکی نالەبار و ژیانێکی یەکجار سەخت کردۆتەوە، ساڵانێکی زۆرە خەڵک بەکردەوە دەریانبریوە کە ئەو رژێمەیان ناوێ و خوازیاری گۆرینی دەستەڵاتن، و رژێمی ئاخوندی هیچ جۆرە مەشروعیەتێکی نەماوە و بە زەبری چەک و سەرکووت دەستی بەسەر دەستەڵات دا گرتووە.

دەشڵێت" رژێمی ئاخوندی ساڵانێکی زۆرە خەریکی بەتاڵانبردنی سەروەت و داهاتی ئەو وولاتەو خەڵکە کەین، بۆیە خەڵک تەنیا هەفتەیەک نییە کە راپەریون و هەستیان بە بێ مافی و چەوسانەوە کردووە، ئەوان ماوەی چل ساڵە دەچەو سێندرێنەوە، ئەوان لە تەواویەتی پێکهاتە و ناوەرۆکی ئەو دەستەلاتە بێزارن و ئامانجیی سەرەکیشیان رووخانی ئەو دەستەلاتە و هێنانە سەرکاری حکومەتێکی خەڵکی و دیموکراتیکە، دەتوانم بلێم گران بوونی بەنزین تەنیا هۆکارێکە بۆ ئەوەی خەڵک جارێکی تر هاواری ئازادیخوازانەیان بە گوێی جیهان و دستەلاتدارانی ملهوری ئاخوندی بگەێنن.

دەربارەی یەک دەنگی حزبەکانی رۆژهەلات و کورد بەگشتی گووتیشی" بەداخەوە نەتەوەی کورد بە بەردەوامی تاوانی یەکنەبوون و پەرش و بلاوی خۆی ئەدات، حاشا لێنەکراوە ئەوەی کە ئەمرۆ لەسەر شەقامەکانی کوردستان و ئێران دژی ئەو رژێمەو سیاسەتە هەلەکانیان دروشمی مردن بۆ دەستەلات دەدەن، کەسانێکن خۆشەویستیان بۆ حیزبەکان هەیەو لەو سۆنگەوە بێگومان یەکریزی و یەکگووتاری هێزە دژبەرەکانی رژێم بە گشتی و بەتایبەتیش هێزە کوردستانیەکان لە ئێستادا یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی گەشەسەندنی جولەی نارەزایەتی جەماوەر و رێکخستن و پەرەدان بە پانتایی مەیدانی رووبەروو بوونەوەی دەستەلاتە، ئەوەی کە دەیبینین ئەو یەکگووتاری و هاوئاهەنگیە بوونی نیە لە نێو هێزە کوردییەکان و لە هەر ئەگەرێکیش زیانەکانی ئەو دۆخە روبەرومان دەبێتەوە، پێویستە هێزە کوردستانیەکان بە بەرپرسیارەتیەکی زیاترەوە لەو دۆخە ناسک و هەستیارە بروانن و لە پێناو یەکخستنی هێز و تواناکانیان هەنگاو هەڵگرن.

شیلان محەممەدی لە دوا پەیڤەکانیدا ئاماژە بەوەدەدات" زیاتر لەوەی کە باس لە ئەگەرەکانی سەرکەوتن و بە ئەنجام گەیشتنی جولە نارەزایەتیەکانی خەڵک بکەین، پێویستە ئەو لایەنە بخەینە بەر سەرنج کە ئێران کەوتۆتە ناو قۆناغێک کە لە پرۆسەیەکی زەمەنی دا حەتمەن شکانی گەورە بۆ دەستەلات دێنێتە بەرهەم، لەوانەشە جولەی نارەزایەتی ئەمجارەش کپ بکرێتەوە، بەلام هەرگیز ئەو دۆخە پر لە بێزاری و نارەزایەتی و کێشەیەی ئێستا ناگەرێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی و پێش نارەزایەتیەکان و ئیتر خەڵک ناتوانن چیتر بێ دەربەستی و نەزانکارییەکانی رژێم قبوول بکەن، لەگەڵ ئەوەش دا پێوەندیدار بوونی زۆربەی هۆکارەکانی نارەزایەتی بە بەشی ئابووری و هۆکارەکانی گرانی و نەبوونی کار و بژێوی شتێک نییە کە خەڵک بتوانن بە ئاسانی لەبەرچاوی نەگرن و رۆژانە لەگەڵ ئازار و ناخۆشیەکانی دەست و پەنجە نەرم دەکەن، ئەوەی کە شیمانە دەکرێ سیاسەتە زێدەخوازییەکانی رژێمە کە بوونە هۆی سەپاندنی تەحریم و گەمارۆکان لەلایەن ئامریکا و رۆژئاوا، هەروا بەردەوام دەبێ و بەو پێیەش فشارە ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران زیاتر و پەرەسەندووتر دەبن، بێگومان ئەو جولە نارەزایەتیانە بەوەندە کۆتاییان نایە و بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت.

## پرسەنامەی بەرێز کاک بابەشێخ بۆ خانەوادەی عەلی بەگی رەسووڵپوور.



بەرێز سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلی بەگی رەسووڵپوور فەرماندە و پێشمەرگەی دێرینی سازمانی خەبات پرسەنامەیەکی بلاو کردەوە.

بەرێز کاک بابەشێخ لە بروسکەکەیدا روو بە خانەوادەی عەلی بەگی رەسووڵی لە فەیسبووکی تایبەتی خۆی نووسیویەتی: بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلی بەگی روسووڵپوور سەرەخۆشی و ماتەمی خۆم بە ئەندامانی خانەوادەی بەرێزی لە شاری بانە و ناوچەی مەیدانان بەتایبەت رادەگەیەنم.

بەرێزیان لەبارەی کەسایەتی عەلی دەنووسێ: کاک عەلی بەگ یەکێک لە تێکۆشەرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و پشتێوان و دڵسۆزی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی دامەزرێنەری سازمانی خەبات بوو، هەروەها پشتیوان و دڵسۆزی بەندەو تێکرای هۆگرانی رێبازی سازمانی خەبات بوو. دەقی پرسەنامەی ماتەمینی کاک بابەشێخ سکرتێری گشتی بەم شێوەیە: بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک عەلی بەگی رسوڵپوور (سەرقوڵ) بەرپرسی کومیتەی مەیدانان و کادرو پێشمەرگەی دێرینی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی و ماتەمی خۆم بە ئەندامانی خانەوادەی بەرێزی لە شاری بانەو ناوچەی مەیدانان بە تایبەت رادەگەیێنم.

کاک عەلی بەگ یەکێک لە تێکۆشەرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران و پشتێوان و دڵسۆزی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی دامەزرێنەری سازمانی خەبات بوو، هەروەها پشتیوان و دڵسۆزی بەندەو تێکرای هۆگرانی رێبازی سازمانی خەبات بوو. جارێکی دیکە بە ناوی خۆم و هاوباوەرانم لە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی و هاوبەشی غەم و پەژارەم بە ئەندامانی خانەوادەی بەرێزیان رادەگەیێنم. دوامەنزڵی ئەو تێکۆشەرە دێرینەو ئەو ئەندامە دڵسۆزەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بەهەشتی بەرین بێ.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

بابەشێخ حوسەینی

## سوتاندنی کونسولگەری رژیم لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە لە نەجەف.

بەپێی هەواڵەکان خەڵکی نارازی شاری نەجەف لە عێراق دوای ئەوەی چوونە نێو کونسولگەری رژیمی ئێران، ئاگریان بەردایە ساختمانی کونسوڵخانەکە. بەپێی هەواڵ کارمەندەکانی کونسوڵخانەی رژیمی ئاخوندی لە نەجەف لە کاتی رووداوەکە لە نێو بیناکەدا نەبوون و چەند کاتژمێر پێش ئەو رووداوە شوێنەکەیان چۆڵ کردبوو. هەر بەپێی هەواڵەکان هێزە ئەمنیەکان هەوڵیان دابوو بە گازی فرمێسک رێژ و تەقە کردن، پێش بە خۆپیشاندەران بگرن بۆ چوونە نێو کونسوڵخانەکە. بەپێ هەواڵەکان و زانیاریەکان زیاتر لە دوو کەس لە هێرشبەرەکان بۆ سەر کونسوڵخانەکەی رژیم شەهید بوون. لەدوای ئەم رووداوە لە شاری نەجەف بریاردرا هاتووچۆ راگیرێ، بەرپرسانی نەجەف لەرۆژی پێنج شەممەوە کارو چالاکی ئۆرگانە حکوومیەکانیان راگرتووە، خۆپیشاندەرانی عێراقی پێش ئەم رووداوەش هێرشیان کردبووە سەر کونسولگەری رژیمی ئێران لە کەربەلا.



## کۆچی دوایی فەرماندە و پێشمەرگەیێکی دێرین و بەوەجی سازمانی خەبات لە شاری بانە.



رۆژی هەینی 8ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی کۆچی خۆری، بەداخەوە عەلی بەگی رەسوولی پێشمەرگەی دێرین و رێبواری بەوەفای رێبازی رێبەری نەمر ،مامۆستا شێخ جەلال و ئەندامی دڵسۆزی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد.

رەوانشاد کاک عەلی بەگی رەسولپور کوری رەسوڵ بەگ، مرۆڤێکی دڵپاک و دەست و دڵباز و خاوەن هەست و میهرەبان بوون، دۆست و دڵسۆزی مامۆستا شێخ جەلالی نەمر و جێی متمانەی هەموو ئەوانە بوو کە کاک عەلیان دەناسی. لە سەرەتای دەست پێکردنی راپەرینی گەلانی ئێران لە دژی دەسەلاتی گۆڕ بەگۆڕی پاشایەتی پەهلەوی کە لە کوردستانی ئێران بەشێکی زۆری ئەو راپەرینە مامۆستا شێخ جەلال رێبەری دەکرد، کاک عەلی وەک دڵسۆزترین کەس و نزیکی رێبەری نەمرمان لە راپەراندنی ئەرکە پێ سپێردراوەکانی کۆتایی نەکرد، وەک پێشمەرگەیێکی بەباوەری کوردایەتی و وەک پارێزەر و فیداکارێک بۆ مامۆستا شەو و رۆژ لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو. کاک عەلی رەوانشاد سەرەرای ئەوەی کە خاوەنی ماڵ و منداڵێکی زۆر و دەست کورت بوو ، هیچ کات خۆی لە ئەرکی شۆرشگێری و پێشمەرگایەتی نەدەبوارد. ئەو مرۆڤە بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەر و سازمان خۆشەویستە نەک هەر بۆ کاروباری پێشمەرگایەتی جێی متمانە و باوەر بوو، بەڵکو بۆ حەللی کێشەی نێوان هاوولاتیان و کوژاندنەوەی فیتنە و دوژمنایەتی، دەمراست و کەیخودا و جێی متمانە و باوەری خەڵک بوو.

کاک عەلی بەگ نموونەی کوردێکی خاوەن باوەری نەتەوەیی و پیاوێکی کۆمەڵایەتی و نەبەز بوو، وەک کوردێکی دڵسۆز وەک پێشمەرگەیێکی بەباوەر، وەک باوک و سەرپرستێکی بەمشوور بنەماڵەیێکی پاکی پێگەیاند و ئەوەندی توانی کورانی خەڵکی دڵسۆز و دەر و جیرانانی بۆ هەستی دڵسۆزی بۆ نەتەوە و نیشتمان تێگەیان. ئێمە وەک سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، وێرای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی سەربەرزی کاک عەلی بەگی رەحمەتی، کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە بەوەج و دڵسۆزە و ئەو ئەندامە بەوەفایەی سازمان بە خسارەتێکی گەورە دەزانین و لە خوای گەورە داواکارین رۆحی پاکی بە بەهەشتی نەمران شادبکا و ئاوات و ئامانجەکانی بێنەدی. نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین.

انا لله وانا الیه راجیعون

## دوایین زانیاریەکان لە خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە عێراق.



خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە عێراق دژ بە کەس و دەست و پێوەندەکانی ویلایەتی فەقیە بەهۆی دەست تێوەردانەکان و بەرنامەو هەرەشە و کردەوە سەرکوتگەرانەکانی رژیم، بە بەشداری هەموو چین و توێژەکانی عێراق و بە خوراگری گەنجانی شۆرشگێر، لە گرینگترین شارەکانی عێراق بەردەوامی هەیە.

رۆژی دوشەممە رێکەوتی 20ی خەزەڵوەر، بەغدا و هێندێک لە شارە گرینکەکانی عێراق وەکوو بەسرە و ناسریەو دیوانیەو بابل و سەماوە و ئەلموسەننا و نەجەف شاهێدی خۆپیشاندان و پێکدادان بوون.

لە شاری بابل کۆمەڵی خۆپیشاندەران بە وتنی دروشم دژ بە قاسم سلێمانی،تووڕەیی خۆیان دژ بەم کەسە جەلاد و جینایەتکارەی خامنەیی و دەست تێوەردانەکانی لە عێراق پیشان دا. بەدرێژای رۆژی یەکشەممە، لە ناسریەی باشووری عێراق شەر و پێک دادان لەنێوان گەنجان و هێزە خوێن مژەکانی دەوڵەتی خامنەی بەردەوام بوو .

لەشەرو پێک دادانەکان لە مەیدانی ئەلحەبوبی ناسریە سێ گەنج بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کوژران. بەپێی هەواڵی ئەلعەرەبیە:بەهۆی بەردەوامی شەر و پێک دادانەکان، هێزە ئەمنیەکان پاشەکشەیان کردووە، ئۆتۆمبیلەکانی فریاکەوتن بۆ ماوەی دو سەعات ئەو کەسانەیان گواستۆتەوە بۆ نەخۆشخانەکان کە تووشی خنکان ببون، سەرچاوە تەندروستیەکان وتویانە کە 15کەس بریندار بوون، زۆربەی گەنجانی تەمەن 24 ساڵە بوون.سکای نیوز لەسەر زاری یەکێک لە کارناسانی بەشی سیاسی وئەمنیەتی وتی؛ رژیمی ئێران دەزانێت کە ئاگری خۆپیشاندانەکانی عێراق بەم نزیکانە دەگاتە تارانی پایتەختی ئێران و ئەمەش رژیمی ناچار کردووە کە هەڵوێستی توند بگرێت لەبەرانبەر خۆپیشاندەراندا و فشار هێنان و سەرکوت کردن و بەکارهێنانی هەرەشەو دەست درێژی کردنە سەر خۆپیشاندەران بەردەوام دەبێت و ئەم بابەتە بوەتە هۆی کوشتنی 300کەس و بریندارکردنی نزیک بە 15هەزار کەس دیکە. سێناتۆر گری پیتێرز نوێنەری دیموکراتەکان لە پارلەمانی سەنای ئامریکا پشتگیری لە خۆپیشاندەرانی عێراقی دژبە دەستێوەردانەکانی رژیمی ئاخوندی لەم وەلاتە کرد.

ناوبراو لە پەیجی تویتەری خۆی نووسیویەتی من پشتگیری لە داخوازیەکانی خەڵکی عێراق دەکەم ئەوان شایانی ئەوەن کە دەوڵەتێک هەڵبژێرن کە دووربێت لە دەستێوەردانەکانی رژیمی ئاخوندی.

**پێویستی یەکگرتن وهاوهەڵوێستی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لەم هەل و مەرجە دا لە هەموو دەم زیاتر خۆی دەنوێنێ**

**تێکۆشان.** ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە { ٣١٤ } ساڵی سی و پێنجەم . ٣٠ ی خەزەڵوەری 1398 ی کۆچی خۆری . ٢١ی نوامبری 2019 ی زایینی

## ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران .

Email: sazmanikhabat@hotmail.com
http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
htt//www.lawan.info http://www.khabatmedia.com
telegram /sazmanixebat www.facebook.com/lawanixebat

تەلەفۆن:
پێیوەندی سلێمانی: 009647724464994
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
کومیتەی ناوەندی: 009647504497138

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

# چەند تێبینی و سەرەنجێک لە سەر دێمانەکەی بەڕێز خالید عەزیزی لە روداو تی ڤی.

عەلی بەهرامی



لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تلویزیۆنی رووداو و لە گەڵ هیوا جەمال، کاک خالیدی عزیزی چەند خاڵێکی لەبارەی بزوتنەوەی کوردستان باس کرد کە بە پێویستم زانی چەند تێبینی و راستکردنەوەیەکیان لەسەر بنووسم.

بەڕێز عەزیزی لە . باسی بەرنامەی خۆی و حیزبەکەی بۆ وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئێران، ووتی: با بە راشکاوی ئەوە بڵێم نەئێمە و نەهیچ کام لەلایەنەکانی کوردستان وتووێژیان لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی رەد نەکردووەتەوە!

روون و ئاشکرایە کاک خالید بە پێچەوانەی راستیەکان ئەو قسەی کرد، چونکە ساڵێک لەوە پێش سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی ناوەندی هاوکاریی، کۆتایی بە کارکردن لەگەڵ چوار لایەنەکەی دیکە هێنا، هەم بە هۆی ئەوەی ئەو لایەنانە پشتیان لە بنەماکان و خاڵە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی ناوەند کرد و هەم لەبەر ئەوەی باسی ووتووێژ لە گەڵ رژیمی ئێرانیان لەو کۆبونەوەی کە لە هەیبەسوڵتان. بەرێوەچوو و سازمانی خەباتیش بەشدار بوو هێنایە بەرباس. ئەو قسەی کاک خالید دەکرێ ئەو خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە هەر لایەنێک ئامادەی وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئێران نەبێ و رەگەڵ رەوتی تەسلیم خوازی و موزاکرە نەبێ، بە پێوانەی خۆسەپێنانەو بیری هەڵەی تاک رەهەندی و تاکەسواری مەیدان بوون، بە لایەنی سیاسی نازانێ. یانی هێزی سیاسی لە روانگەی بەرێزیان تەنیا ئەوانەن کە سازشکارن و ئامادەن لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بچنە سەر مێزی وتووێژەوە!

لە بەشێکی دیکەی دیمانەکەیدا بەرێز عەزیزی وتی: ئێمە تاران بە یەک چاو سەیر ناکەین و نابێ ئەو کێشانەی لەوێن نادیدەی بگرین! وە هەر لە دوای ئەوە چووە سەر ئەو باسەی کە لە ئێراندا ئەو جەمعەی لە دەوری وەلی فەقیهن ئەو مەجالە بە هیچ کەس. نادەن لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ و بەجۆرێک ئاڵووگۆرێک لە ئێراندا پێک بێنێ . ئەگەر چی کاک خالید بەم قسەی دوایی بێ بنەمایی و بێ ناوەرۆکی بەرنامەی وتووێژی نیشاندا، بەلام بە شێوەیەک هەوڵی دا گلەییەکەی لە دەوروبەری وەلی فەقیە بێ و نەیخستە ئەستۆی شەخسی خامنەیی وەک وەلی فەقیهی رژیم. هەر بۆیە لە کاک خالید دەپرسم، کاتێک رێگە نادەن ئاڵووگۆر لە ئێراندا دروست بێ، ئەی بە دوای چیدا دەگرێ و بە تەمایە لە رێگەی کێوە لەو دەسەڵاتەدا دەستکەوتی هەبێ؟ لە راستیدا سیاسەتی وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئێران سیاسەتێکی شکست خواردووەو چەندین نەتیجەی مەنفی

و خراپی داوە بەدەستەوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە وتووێژ کردن بۆتە عەیبەیێکی گەورە و پێویستە رەدی وتووێژ لەلای حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ببێتە پرێنسیپێکی نەگۆر تا روخانی یەکجاری دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دواکەوتووی وەلی فەقیەنادەن لەو دەرفەتانە کەڵک وەرگرێ و بەجۆرێک ئاڵووگۆرێک لە ئێراندا ئەگەر چی . پێک بێنێ کاک خالید بەم قسەی دوایی بێ بنەمایی و بێ ناوەرۆکی بەرنامەی وتووێژی نیشاندا، بەلام بە شێوەیەک هەوڵی دا گلەییەکەی لە دەوروبەری وەلی فەقیە بێ و نەیخستە ئەستۆی شەخسی خامنەیی وەک وەلی فەقیهی رژیم. هەر بۆیە لە کاک خالید دەپرسم، کاتێک رێگە نادەن ئاڵووگۆر لە ئێراندا دروست بێ، ئەی بە دوای چیدا دەگرێ و بە تەمایە لە رێگەی کێوە لەو دەسەڵاتەدا دەستکەوتی هەبێ؟ لە راستیدا سیاسەتی وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئێران سیاسەتێکی شکست خواردووەو چەندین نەتیجەی مەنفی و خراپی داوە بەدەستەوە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە وتووێژ کردن بۆتە عەیبەیێکی گەورە و پێویستە رەدی وتووێژ لەلای حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان ببێتە پرێنسیپێکی نەگۆر تا روخانی یەکجاری دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دواکەوتووی وەلی فەقیە. بە پێچەوانەی ووتەکانی کاک خالید، سازمانی خەبات سوورە لەسەر دروشمی روخان و رەدکردنەوەی وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئاخوندی چونکە ئەو رژێمە لە جینایەت و مرۆڤکوژی، چەوسانەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، جینایەت دژ بە خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی کوردستان دەست هەڵناگرێ و هەمیشە ووتووێژی بەکارهێناوە بۆ مەشروعیەتدان بە دەسەلاتە نارەواکەی و بۆ حەزفی فیزیکی بەرامبەرەکانی و شەهید کردنی چەندین بەرپرسی کورد. مێژووی 40 ساڵی دەسەڵاتداری رژیمی ئاخوندی، ئەزموونی باشی نیشان داوین کە ئەوانەی بە پیر ئەو رژیمەوە چوون و بە هەر بیانوویەک لەو دەسەلاتە خوێنرێژە نزیک بوونەوە چارەنووسیان بەرەو هەڵدێرچووە، چریکی ئەکسەریەت لە ئێران، حیزبی تودە و لە کوردستان حیزبی دیموکرات بە ناوی تاقمی حەوت کەسی چوونەوە بۆ لای رژیم وەک دیمان خراپیان بەسەر هات .

ئەوانەی دڵیان بە وتووێژ لەگەڵ رژیمی ئاخوندی خۆشە، حەتمەن دەزانن ئەو دەسەلاتە رەحمی بە مۆرە هەرە گرینگ و کاریگەرەکانی خۆشی نەکردووە، هەر لە مونتەزری، کەروبی، میرحوسەین مووسەوی و تەنانەت رەفسەنجانی و دەیان ئاخوند و پاسداری بەرچاوی دیکە کە تەنها لەسەر رەخنە یان نارەزایەتی بە سیاسەتێکی وەلی فەقیە راپێچی بەندیخانە کراون. کۆتا قسە ئەوەیە لە کوردستان هێزی زۆر شۆرشگێر و بە ئەزموون هەیە کە راستەو راست و بێ پێچ و پەنا سیاسەتی روخانی دەسەلاتی ئاخوندان پەیرەو دەکا و بەبێ لەلادان و راڕایی بوون لە سیاسەت و بەرنامەکانی، درێژە بە خەبات و تێکۆشان بۆ ئامانجە نەتەوییەکانی خەڵکی کوردستان و ئازادی و دیموکراسی لە ئێران، دەدات.

## لە برلین ئەندامانی سازمانی خەبات بەشداریان لە گردبوونەوەیەکی جەماوەردا کرد.

ئەندامانی سازمانی خەباتی کوردستان ئێرانی لە برلین بەشداریان لە گردبوونەوەیەکی جەماوەری بە مەبەستی پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی ناوخۆی ئێران و کوردستان کرد.

رۆژی شەممە 2ی سەرماوەزی 1398ی هەتاوی، لە شاری برلینی پێتەختی ئاڵمان گردبوونەوەیەکی جەماوەری بە مەبەستی پشتیوانی لە راپەرینی جەماوەری شارەکانی کوردستان و ئێران لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی کورد و ئێرانی بەرێوەچوو کە ژمارەیەک لە ئەندامانی سازمانی خەبات بە سەرپەرستی کاک بێهروزی ئەردەڵان بە هاوکاری



کاک کەمال هادی و کاک سمکۆ مەهابادی بەشدار بوون. لەو گردبوونەوەیەدا بەشداران بە دانی دروشمی جیاجیا پشتیوانی خۆیان بۆ خەڵکی راپەرینی ئێران و کوردستان دەربڕی. هەروەها دەنگی خەڵکی ئێرانیان بە حکومەت و ناوەندەکانی ئاڵمان گەیاند و داوایان لە ئاڵمان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەن .شایانی گوتنە گردبوونەوەکە لەلایەن سازمانی موجاهیدین و شۆرای ملی مقاومەتی ئێرانەوە ئامادەکاریان بۆ کرابوو.

# بـــۆ شـەهیـــــــــــد .

نووسینی : رێبــــــــوار




ئەی چراوگەکانی پڕ تیرێژی هیوا، ئەی شنەی شەماڵی دڵ لاوێنی بەهاری هەر بوون!
ئەی روو سووری هەر دوو گێتی، پاڵەوانانی رێی سەربەستی و باوەڕ بە ڕزگاری و ڕابوون!
بڕوانە بە خوینی ئێوە لە داوینی چیای خەبات و تیکۆشان ، چۆن خەملاوە جارە گوڵی هەلاڵە و بەیبوون؟!
ئەی سەرووەرانی گەل!
بڕوانن لە دلۆپ دلۆپی خوینی گەش و ئاڵتان، لافاوی بە تەوژمی بەرخودان و بزاڤی کۆڵنەدەرانەی گەلی خۆراگر و راپەڕیو بۆ ئازادی و سەرفرازی نەتەوە و نیشتمان ،هەستاوە وپووش و پەلاشی خۆفرۆشان و خوێنرێژانی بەرەو پەسیو و زەندۆڵی ریسوایی ڕامالیوە.!
ئەی شەهیدان! ئەی خۆری بە تینی ئاسمانی مرۆڤایەتی، ئەی رووناکی دەری شەوی تار و ئەنگوستەچاوی بی بەشان وژێردەستەکانی دەستی دیکتاتۆری و ستەم و بێدادی!. ئەی گوڕ و تین و پشت و پەنای هەڵگرانی ئالای بەختەوەری و ئازادی!.
ئێوە ئەو ئەستێرە بە شەوقانەی بەرەبەیانی ئاسۆی سووری پڕ لە نووری ڕێگای دووری بەرەو ژوورن. ئێوە لەسەر بەرزیی سەرفرازی ورزگاریەوە ڕوو بە دنیای کپ و بێدەنگی بێدەربەستیەوە، بانگی خۆڕاگری و هەستانەوە، ڕوەو نیشتمانی نیشتمان داگیرکراون بە گوێی کەرەمسۆیانی هەست خەوتو دا دەدەن . لەو بەرزی بەرزانەوە، هۆبە و هەواری خەبات و بەرخۆدان و هەرمان هەڵدەدەن.
ئێوە! ئەو هەڵۆ بەرزەفڕە جنگ بەگڕە دژمن قڕە گرجو بڕە تیژباڵانەن کە بە پەڕ و باڵی خویناویەوە، لە ئاسمانی بێ کۆتایی دا باڵ لێدەدن و لە گەڵ هاوسەفەرانتان لە سەر بەرزی لوتکەی مرۆڤدۆستی و خۆنەویستیەوە لەنگەرتان گرتوە و لە دیمەنی دڵگری پڕ لە جوانی سروشتی کوردستان دەڕوانن.!
ئەی شەهیدان! ئێوە مامۆستای وانەی بەڕێوە ژیان و بە پێوە مردنن بۆ هەر مان !. ئێوە لە مردن دا زیندوو دەبنەوە و بە دەریای خوێندا دەپەڕنەوە و لە نیشتمانی نەمری دا دەبنە رووگەی ئەوینداران.!
ئەی شەهیدان! ئەی نموونەکانی ئازایی، دەنگی ئەو گوللەی کە لە لوولەی چەکی شانازی دیفاع لە بوون و مانی نەتەوە و نیشتمانەکەتان کە وەک تەتەری مەرگ بەرەو رووی قەلافەتی نەحس و دزێوی خوێنرێژانی داگیرکەری کوردستان رەوانەتان کرد، نۆتەو ئاوازی سروودی ئازادی بوو کە لە هەموو بن بەرد و بنار و لاپاڵ ونسار و نزار و ئەشکەوتی نیشتمان دا دەنگی دایەوە و ڕەوە بەراز و بزەڵەی دژمنانی داگیرکەری، پێ هەڵسڵەمیەوە.
ئەی سەروەران! ئێوە لە پانتایی بووندا ، لە لاپەڕکانی مێژووی ژیان و ژیندا، لە دڵی خوڵقینەرانی حەماسەکانی مێژوودا، لە دیوانی ،،تاقانەیی تاقانە،،دا، هەر دەم زیندوی قەت نەمردوون، سەرقافڵەی کاروانی بەرەو ئامانجی قەت نەسرەوتوون.
ئەی ڕچەشکێنانی ڕێی بەرەو ترویکی ڕزگاری! لەو کاتەدا کە ئێوە بە پێکەنین و رووی سوورەوە بەرەو پیری مەرگی پڕ لە شانازیتان چوون، سەرفرازیتان بۆ گەل و، تاپۆی ریسوایی بۆ خۆ فۆشان بە داگیرکەرانی ئیشتمانتان و واژوو کرد.
شەهید چاوگەی کانی ژیانە، رەمزی بوونی نەتەوەیە، مەشغڵی رێی تیکۆشانە.
شەهید پێناسەی شۆڕشە،قەڵای بەرزی بەرخۆدانە،هێما و شوورەی نیشتمانە.
هەزرا سڵاو لەو گیانانە،لە پێناو ئەم نیشتمانە، پێشکەش بە ئازادی کران. بەرەو بەرزی و هەرمان بران.

بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتیەکانمان، پێویستە ژن و پیاو یەکسان و هاو هەڵوێست, بەشداری لە خەباتی رەوای رزگاریخوازی دا بکەن.